گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# دەلالەتی شوێن لە دەقە شیعرییەکانی (عەبدوڵلا پەشێو)دا

**د. ژوان عبدالسلام عزیز گەردی**
بەشی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی شەقڵاوە، زانکۆی سەڵاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عیراق
zhwan.azeez@su.edu.krd

**زانیاریەکانی توێژینەوە**

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن:٢٠٢٣/٩/٢٦
پەسەندکردن:٢٠٢٣/١١/٨
بڵاو کردنەوە:بەهار٢٠٢٥

**ووشە سەرەکییەکان**
*Keywords: place, evidence, poetic text, poet, philosophy*

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.10.1.20

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە، لەژێر ناونیشانی ((دەلالەتی شوێن لە دەقە شیعرییەکانی (عەبدوڵلا پەشێو)دا)) دایە، هەوڵێکە بۆ خستنەڕووی دەلالەتی شوێنە جۆربەجۆرەکان لە شیعری شاعیردا، شوێن ڕەگەزێکی بنچینەییە لە بنیاتنانی دەقە شیعرییەکانی (عەبدوڵلا پەشێو)دا، چونکە شوێن لەنێو خۆیدا واتای قوڵ و جوان و بەهێز هەڵدەگرێت، بۆیە شوێن هەر تەنیا شێوەیەکی ئەندازەیی نییە، بەڵکو کار دەکات لەسەر بەرهەمهێنانی دەلالەت و مانای تایبەت، بۆیە شاعیر بە دوای ئەو شوێنانەدا دەگەرێت کە دەلالەتی بەهێزیان هەڵگرتووەو مەبەست و ئامانجی شاعیر دەپێکن، گرنگی توێژینەوەکە لەوەدایە کە وا شوێن بەشدارە لە پێکهاتەو بنیاتنانی دەقی شیعرییداو بووەتە هەڵگری پەیامی شاعیر، بۆیە پەیرەوی ڕێبازی (وەسفی شیکاری)مان کردووە، بۆ ئەم مەبەستە توێژینەکەمان بەسەر دوو بەشی سەرەکی دابەشکردووە، لە بەشی یەکەمدا بەشێوەیەکی تیۆری باس لە چەمکی شوێن و گرنگی و ڕۆڵی لە بنیاتنانی شیعردا کراوە، بۆیە کراون بە دوو تەوەر: لە تەوەری یەکەمدا باس لە چەمکی شوێن لە ڕووەکانی (زمان، زاراوە، فەلسەفە، فیزیایی، ئەدەب) کراوە، لە تەوەری دووەمیشدا باس لە پەیوەندی شوێن بەشیعر لە ڕووی گرنگی شوێن لە بەرهەمهێنانی شیعرو پەیوەندی شوێن بەزمانی شیعر کراوە. لە بەشی دووەمیشدا بەشێوەیەکی پراکتیکی لە تەوەری یەکەمدا؛ باس لە دەلالەتی شوێن لە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەقە شیعرییەکانی (عەبدوڵڵا پەشێو)دا کراوە لەوانە: (دەروونی، سیاسی، نیشتیمانی، ئایینی، کۆمەڵایەتی، مێژوویی، شارشتانی، ڕۆشنبیریی، ڕەمزیی، سروشتی)، لە تەوەری دووەمیشدا؛ باس لە دەلالەتی شوێنەکانی دەرەوەی کوردستان لە شیعری شاعیردا کراوە، لە کۆتایی توێژینەوەکەشدا گرنگترین ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان خراوەتەڕوو.

## پێشەکی:

مرۆڤ لەوەتەی هەیە بە شوێنەوە پەیوەست بووەو وەک دووانەیەکی دانبڕاو لەگەڵ یەکتردا بوونە، چونکە هیچ جولەو کارو کردەیەک بێ شوێن ئەنجام نادرێت، بۆیە شوێن لەنێو خۆیدا نهێنی و واتاگەلێکیان هەڵگرتووە ئەمە لە دنیای واقیعدا، گەر سەیری دنیای شیعریش بکەین؛ دەبینین شوێن بە بەرگێکی داهێنراوی شاعیرانە؛ یەکێکە لە ڕەگەزو پێکهاتە گرنگەکانی نێو دەقە شیعرییەکان و هەر لە کۆنەوە پەیوەندییەکی بەهێزی بە شیعرو شاعیرەوە هەبووەو ڕۆڵێکی کارای لە گەیاندنی واتای جیاوازو خستنەڕوو و ئاشکراکردنی دەلالەتەکانیان گێڕاوە، واتە بەکارهێنانی شوێنەکان لەبنیاتنان و هۆنینەوەی شیعردا بێ هۆ نییەو شاعیر لەم میانەیەوە مەبەستییەتی پەیامێک بە گوێ و دیدی وەرگر بگەیەنێت، لە هەمان کاتیشدا جوانییەکی کەم وێنە بۆ دەقە شیعرییەکەی شاعیر فەراهەم دەکات، هەروەک لە دەقە شیعرییەکانی شاعیر (عەبدوڵڵا پەشێو)دا دەبینین شوێن بۆی بووە بە زەمینەیەکی پتەو بۆ دەربڕینی ئەوەی کە لە هەست و ناخ و ئاوەزی دایە، بەو واتایەی شوێنەکان بۆ شاعیر یارمەتیدەر بوونە لە دەرهاوێشتەکردنی ئەو وێنەو فۆڕمانەی کە لە زەینی شاعیردا هەیە، بۆ ئەوەی لەم ڕوانگەو ڕێگەیەشەوە ئەو واتایە ئاشکرا بکات کە شوێن لە دروستکردنی بەها مرۆییەکان هەڵیگرتووە.

(پەشێو)ی شاعیر ئەو شوێنانە هەڵدەبژێرێت کە هەڵگری دەلالەتی بەهێزو و بەرهەمی شیعری بەپێزیان لێ دەسازرێت، ئەمەش بەهۆی ڕەنگدانەوەی ئەو پەیوەندییە دەبێت کە لەنێوان شاعیرو ژینگەی ئەو شوێندا هەیە، لەهەمان کاتدا ڕاددەی ئەو پەویوەندییەو کاریگەرییەکەی نێوانیان

دەخاتەڕوو، بۆیە لە شیکردنەوەی دەڵالەتی شوێنەکان بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە چەندە شاعیر بە نیشتیمانەکەیەوە پەیوەست و هۆگرە، هەر چەند دوور بێت لە خاک و نیشتیمانەکەی بەڵام بە بیرو هۆش و خەیاڵ هەر لە کوردستانەو دڵی بۆ زێدی باو باپیرانی لێدەدات،

گرنگی توێژینەوەکە لەوەدایە؛ ئەو دەلالەت و واتایانەی کە لەڕێگەی ڕەگەزی شوێنە هەمەجۆرەکانەوە لەنێو دەقە شیعرییەکانەوە بنیاتنراون؛ بخرێنەڕوو، واتە شوێنەکان لەخۆوە نەهاتوون، بەڵکو بوونەتە هەڵگری پەیامە مەبەستدارەکانی بیرو ئاوەزو خەیاڵی (پەشێو)ی شاعیرو دەلالەتی تایبەتییان گەیاندووە، لەمەوەش کارلێکی شاعیر بە شوێنە جیاوازەکان ڕوون دەبێتەوە، جا بۆ گەیشتن بە دەلالەتی شوێنەکان لە دەقە شیعرییەکانی شاعیر؛ پەیڕەوی ڕێبازی (وەسفی شیکاری)مان کردووە، بۆ ئەوەی بە دیوی ناوەوەی وتای شوێنەکان بگەین کە شاعیر تیایدا بەرجەستەی کردووە.
توێژینەکەمان بەسەر دوو بەشی سەرەکی دابەشکردووە، لە بەشی یەکەمدا؛ بەشێوەیەکی تیۆری باسمان لە چەمکی شوێن و گرنگی و ڕۆڵی شوێن لە بنیاتنانی شیعردا کردووە لە دوو تەوەردا: لە تەوەری یەکەمدا؛ باس لە چەمکی شوێن لە ڕووەکانی ( زمان، زاراوە، فەلسەفە، فیزیایی، ئەدەب) کراوە، لە تەوەری دووەمیشدا؛ باس لە پەیوەندی شوێن بەشیعر لە ڕووی گرنگی شوێن لە بەرهەمهێنانی شیعرو پەیوەندی شوێن بەزمانی شیعر و ئەدگاری شوێن لە شیعری شاعیر کراوە. لە بەشی دووەمیشدا؛ بەشێوەیەکی پڕاکتیکی لە تەوەری یەکەمدا؛ باس لە جۆرەکانی دەلالەتی شوێن لە دەقە شیعرییەکانی (عەبدوڵلا پەشێو)دا کراوە، لەوانە: (دەروونی، سیاسی، نیشتیمانی، ئایینی، کۆمەڵایەتی، مێژوویی، شارشتانی، ڕۆشنبیریی، ڕەمزیی، سروشتی)، لە تەوەری دووەمیشدا باس لە دەلالەتی شوێنەکانی دەرەوەی کوردستان لە شیعری شاعیردا کراوە، لە کۆتایی توێژینەوەکەشدا گرنگترین ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان خراوەتەڕوو.
کلیلە وشە: شوێن، دەلالەت، دەقی شیعریی، شاعیر، فەلسەفە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## بەشی یەکەم:

## تەوەری یەکەم: سەرەتایەک بۆ چەمکی شوێن:

### 1. 1. 1 شوێن لە ڕووی زمانەوە:

شوێن چەمک و دەلالەتی جۆراوجۆری هەیە، گەر هەڵوەستە لەسەر لایەنی زمانی شوێن بکەین؛ ئەوا بۆمان ڕوون دەبێتەوە، کە شوێن چەندین واتای هەمەچەشن لەخۆ دەگرێت، هەروەک لە فەرهەنگەکانی زماندا هاتووە؛

شوێن ئەو جێگایەیە کە شتێکی تێدابێت (أبو عبدالرحمن الخليل بن أحمد الفراهيدي ،1982: 387)، واتە بریتییە لە شوێنی مرۆڤ و هیتر (أبو بكر ابن دريد بن محمد بن الحسن الأزدي البصري، 1345هـ: 171)، یان ئەو جێگایەیە کە شتەکانی تیادا جێی دەبێتەوە (أبو القاسم الحسين بن محمد بن المفضل الراغب الأصفهاني، 1972: ٤٩١).

ابن المنظور لە ( لسان العرب) ئاماژەی بەوە کردووە، ڕەگی ڕاستەقینەی (شوێن-المكان) بۆ (گەردوون) دەگەڕێتەوە، وەک: لە شوێنی خۆت بە، یان لە شوینی خۆت دانیشە، واتە ڕووداوەکان شوێنیان هەیە (حنان موسي حمودة، 2006: 17).

لە فەرهەنگی الوسيط بە شێوەیەک پێناسەی کردووە: کە شوێن کۆی شوێنەکانە، واتە جێگەو پێگەی ئەو شتانەیە کە تێیدایە (إبراهيم وآخرون أنيس، 1972: 882).

لەم بۆچوونانەی سەرەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە؛ کە شوێن لە ڕووی زمانەوە هاوچەشنییەک هەیە کە سەرجەمیان ئاماژە بۆ جێگە، یان شوین دەکەن.

### 1. 1. 2 شوێن لە ڕووی زاراوەوە:

لە ڕووی زاراوەوە شوێن چەمکێکی بەرفراوانتر لە خۆ دەگرێت، چونکە بەستراوەتەوە بە مرۆڤ و گیانلەبەر، بۆیە شوێن کۆڵەکەو بنچینەی کۆی شوێنەکانە؛ ئەویش ((لە (مكان)ی عەرەبی و (Space)ی ئینگلیزییەوە هاتووە، کە واتای جێگا یان جێ دەگەیەنێت)) (لیژنەی ئەدەب لە کۆڕی زانیاری کوردستان، ٢٠٠٦: ٦٨).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

چەمکی شوێن بە گوێرەی هەندێک لە فەرهەنگەکان بریتییە لە جێگە (الموضع) کە جەستە داگیری دەکات؛ وک شوێنی فراوان و شوێنی تەسک کە هاوواتای درێژکردنەوە (Etendu)یە، لە دواییدا سنوورەکانی شوێن ڕوون بوویەوەو بەپێی مەوداکانی درێژیی و پانی و کۆتاییەکانی تەن دیاری دەکرێت. (جميل صلبيا، ١٩٧٩: ٤١٢).

شوێن؛ (کات -زەمەن) لە خۆی دەگرێت؛ چونکە هیچ ڕووداوێک نییە بێ شوێن و کاتێکی دیاریکراو ئەنجام نەدرێت (حنان موسي حمودة، 2006: 17). بۆیە شوێن ((دەلالەت لە واتایەکی قووڵ لەسەر بەرجەستە بوونی ژیانی مرۆڤ دەکات، چونکە شوێن ئەو جێگەیەیە کە مرۆڤ تێیدا لەدایک دەبێت و دروست دەبێت و نیشتەجێیە و بوونی هەیەو جێگیرە و نشونما دەکات و لە جێگەیەکەوە بۆ جێگەیەکی تر دەگوازرێتەوە، ئەمەش لەسەر گەشەی ژیانی مرۆڤ بە تاک و کۆمەڵەوە جێبەجێ دەکرێت)) (فاروق أحمد سليم، ١٩٩٨: 197). شوێن گرنگییەکی دیاری هەیە لە دروستکردنی ژیان، لەبەر ئەوەی شوێن ئەو جێگایەیە کە تیایدا بوونەوەر نشونما دەکات و پێش دەکەوێت و لە دواییدا ((شوێن هیچ مانایەکی نابێت ئەگەر ژیان پێوەی نەبەسترێتەوە، چ ئەو ژیانە؛ ژیانی مرۆڤ بێت، یان ژیانی بوونەوەرو گیانلەبەرو هەر یەکێک لە ئەستێرەکان بێت، هەر جێگەیەکیش کە هێشتا نەدۆزراوەتەوەو ژیانی تێدا نەبێت ئەوا شوێن نییە، چونکە شوێن بریتییە لەو جێگەیەی کە ژیان تێیدا پەرە دەسێنێت و بەدوای هۆکاری سەرەکی ژیانکردندا دەگەڕێت، وەک: ئاو و هەواو خۆڵ)) (باديس فوغالي، 2008: 170)

بە شێوەیەکی گشتی؛ شوێن ئەو کاتە دەست نیشان دەکرێت، کە بوونەوەر بەگشتی و مرۆڤ بەتایبەتی لێی دێتە دنیاوەو نێشتەجێ دەبێت و تیایدا ژیان بەسەر دەبات و ڕووداو و بەسەرهاتەکانی تێدا دەگوزەرێنێت، گەر شوێن نەبێت؛ ژیان هیچ واتایەک نابەخشێت؛ چونکە ژیانی هەر تاکێک پەیوەستە بەشوێنێکی دیاریکراو بە خودی خۆی، ئەویش بە گەردوونەوە پەیوەستە.

### 1. 1. 3 شوێن لە ڕووی فەلەسەفەوە:

شوێن وەک هەر زانست و بابەتێکی تر لە لایەن فەیلەسوفەکانەوە گرنگی تایبەتی خۆی هەیەو لێکۆڵینەوەی جۆراوجۆری لەبارەیەوە کراوەو بۆچوونی جیاجیایان لەبارەیەوە دەربڕیوە، چونکە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

شوێن پەیوەندی بە ژیانی مرۆڤەوە هەیە لە لایەک، بوونی لە زۆربەی بووارەکان و لایەنەکانی زانستی لە لایەکی ترەوە، لەو فەیلەسوفانەش: فەیلەسوفی یۆنانی (ئەفلاتون ٣٤٨-٤٢٨ پ.ز) یەکەمین کەس بووە؛ زاراوەی شوێنی بەکارهێناوەو پێناسەی بۆ کردووەو دەڵێت: شوێن بریتییە لە سەندوقێک کە هەموو شتێک لەخۆ دەگرێت (عبدالرحمن بدوي، 197٥: 196)، واتە ((شوێنی بە دەفرێک داناوەو کە جێگەی شتەکانی تیایدا دەبێتەوە)) (حسن مجيد العبيدي، ١٩٨٧: 19)، ئەم پێناسەیەی (ئەفلاتون) بۆ زاراوەی شوێن بە بەردی بناغە دادەنرێت و یەکەمین خشتەو بنچینەیە لە دیاریکردنی شوێن کە چییە؟ لە دوای (ئەفلاتۆن) گرنگی زیاتر بە شوێن دراوە، هەر وەک دەبینین (( (ئەرستۆ ٣٢٢-٣٨٤ پ.ز) هات بە دووردرێژیی باسی لە شوێن کردووەو ڕوونی کردۆتەوە کە بوونی هەیە، بەڵگەش بۆ ئەوە؛ کاتێک کە تەنێک بوونی دەبێت، دەکرێ شوێنی خۆی بگوازێتەوەو تەنێکی تر جێگەی بگرێتەوە، ئەمەش واتای ئەوەیە کە شوێن جیاوازە لەهەر شتێک کە جیگاکە دەگرێت)) (عبدالرحمن بدوي، 1984: 461)، بۆیە لە پێناسەی شوێندا دەڵێت: بریتییە لە ((ڕووبەری ناوەوەی ئەو شوێنەی کە تەنەکەی تێدایەو داگیری کردووەو دوو جۆرە: تایبەتەکەی ئەوەیە، کە هەموو تەنێک شوێنێکی هەیەو تێیدا دەبێت، هاوبەشەکەی: دوو تەن یان زیاتری تێدا دەبێت)) (إبراهيم جنداري، ٢٠٠١: 168). لە پێناسەو بۆچوونی هەردوو فەیلەسوفی گریک (ئەفلاتون و ئەرستۆ) دەردەکەوێت تێڕوانینیان بۆ چەمکی شوێن تاڕادەیەکی زۆر بەیەک دەچێت، (ئەرستۆ) هەر پێناسەکەی ئەفلاتۆنی وەرگرتووەو کەمێک فراوانتری کردووەو دایڕشتۆتەوە، بەڵام جیاوازی بۆچوونەکانیان لە بوون و تەنی جێگیرو جولاوە دایە لای (ئەفلاتوون): باس لە تەنی جێگیر کراوە کە جێگەیەک داگیر دەکات، بەڵام لای (ئەرستۆ)؛ سەرەڕای تەنی جێگر باس لەتەنی جولاوەش کراوە کە دەکرێت تەنەکان جێگەو شوێنیان بگوازنەوەو بگۆڕن، لەگەڵ ئەمەشدا (ئەرستۆ) لەگەڵ (ئەفلاتون) هاوڕایە لە تێڕوانینی گشتیان بۆ شوێن لە ڕووی بوون و جێگەیەوە؛ ئەمەش بە یەکیان دەبەستێتەوە.

سەبارەت بە فەیلەسوفە موسڵمانە عەرەبەکان، بەمشێوەیە پێناسەی شوێنیان کردووە؛ لەوانە:

(کندی) دەڵێت: شوێن بریتییە (( لە ڕووی ناوەوە کە ڕواڵەتی دەرەوەی لەخۆ گرتووە)) (عبدالرحمن بدوي، 1984: 46٢).

(ئیبن رشد) دەڵێت: ((شوێن ئەو بۆشاییەیە کە ژیانی بزوێنەر لەخۆ دەگرێت)) (ابن رشد، ١٩٨٢: 41).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

(ئیبن سینا) پێناسەی شوینی کردووەو بە شێوەیەکی ڕوون گرنگییەکەی دەرخستووەو دەڵێت: ((شوێن بریتییە لە ڕووی ناوەوە؛ یان تەنەکە تیایدا جێگیر دەبێت، یان پشتی پێ دەبەستێت، یان خۆی پێوە دەگرێت)) (حسن محمد الربابعة، 1999: 12). لەپێناسەیەکی تردا دەڵێت شوێن ((بریتییە لەو ڕووەی کە کۆتایی ئەو تەنەی لەخۆ گرتووەو هیچ شتێکی تری تێدا نییە)) (الحسين بن علي ابن سينا، 1954: ١٣٧). لەمیانەی هەردوو پێناسەی (ئیبن سینا)ەوە بۆمان دەردەکەوێت کە ئاستی هاوبەش لەنێوانیان لە ڕووی ناوەوەو بوونی تەن و پەیوەندی لە نێوان هەردووکیاندا هەیە. بۆیە شوێن لە لای (جرجانی–٨١٦ک) لە کتێبی (پێناسەکان) هاتووەو دەڵێ: ((شوێن لە لای فەیلەسوفەکان؛ ڕووی ناوەوەی تەنەکەیە)) (علي بن محمد الجرجاني، 1985: ٣٤٤)

بەشێوەیەکی گشتی ئەو پێناسانەی لە ڕووی فەلسەفەوە بۆ شوێن کراوە؛ شوێن سەندوق یان دەفری تەنەکە بێت، یان ڕوو و دەوروبەری تەن بێت، یان تەن تیایدا جێگیر بێت، واتە پێناسەکان دەربڕی هەستەو بەستراوەتەوە بە تەن کە بارستایی و بینراوە، بەمشێوەیە چەمکی فەلسەفی بۆ شوێن بوونێکی ماددی بینراوی هەیە.

### 1. 1. 4 شوێن لە ڕووی فیزیاییەوە:

لەڕووی واتای فیزیکییەوە؛ شوێن ((پەیوەندییەکی نزیکترو زۆرتری بە ژیانی مرۆڤەوە هەیە، بەوپێیەی ئەزموونی مرۆڤ بۆ شوێن و هەستکردن پێی جیاوازە لەچاو ئەزموون و هەستکردن بە کات، لەوکاتە درک بەکات دەکرێت، کە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لەڕێگەی کردارییەوە هەست بە شتەکانەوە پێدەکرێت، بەڵام لە شوێندا درک بە هەستیکی ڕاستەوخۆ دەکرێت، کە بە ئەزموونی مرۆڤ لەسەر جەستەی خۆیەوە دەست پێدەکات، ئەو جەستەو تەنەش بریتییە لە (شوێن)، یان دەفری هێزەکانی دەروونی و ئاوەزی و سۆزداری بوونەوەری زیندووە)) (يوري لوتمان، 1986: 79) بەم جۆرە واتای فیزیاویی بۆ وشەی شوێن، کتومت هاوچەشن و مەدلولی وشەی درێژییە، یان مەودای نیوان دوو خاڵە، مەودایەکە کە چەندین پرۆسە لەخۆ دەگرێت، پێوانەکردنیان پەیوەستە بە ڕاستەیەک چ لە فیزیای تەقلیدی بیت یا دەلالەت و واتای فیزیای نوێ بێت، ئەم واتایە لە نێوان ڕۆژنامەگەران و خەڵکی بڵاوبۆوە بەتایبەت لەکاتی بەکارهێنانی وشەی (فەزا) وەکو (فەزای گەردوونی و کەشتی فەزا) (بدر

نایف الرشیدي، 2012: 32)، ئەو شوێنەیە کە مرۆڤ تیایدا دەژیت، پەیوەندی نێوان مرۆڤ و شوێن پەیوەندییەکی بەهێزی لەیەک دانەبراوە، شوێن مرۆڤ لە باوەشی خۆی دەگرێت و مرۆڤیش لە شوێنەوە بەگوێرەی هێڵەکانی درێژی و پانییەوە دەستکەوتی ژیانکردن بەدەست دێنێت، هەروەک (ئیقلیدس٣٠٠-٢٤٦ پ.ز)ە؛ کە فەیلەسوفێکی یۆنانی بیرکاریی کۆنەو بە باوکی ئەندازیاریی ناودەبردرێت، پێی وایە شوێن سێ مەودای هەیە: (درێژیی و پانایی و قووڵایی) (عبدالرحمن بدوي، 1970: 196)، بەو واتایە دێت؛ ئەو تەنەی کە شوێنێک داگیر دەکات؛ بارستایی و سنووری بە هێڵەکانی ئاسۆیی و ستوونی هەیەو چواردەوری خۆی دیاری دەکات.

### 1. 1. 5 شوێن لە ڕووی ئەدەبەوە:

شوێن یەکێکە لە ڕەگەزو پێکهاتە بنەڕەتی و گرنگەکانی بەرهەمی ئەدەبی، ئەمەش بە هۆی ئەو ڕەهەندە جوانکاریانەیە کە دەقی ئەدەبی لەنێو خۆیدا هەڵیگرتووە، بەهۆیەوە بەشداری لە بنیاتنانی کەسایەتییەکان و چنینی ڕووداوەکان دەکات، واتە شوێن هۆکارێکە بۆ دەربڕین (محمد عبدالحکیم الفقي، ؟: 972)، بەجۆرێک کە شوێن لە ئەدەبدا ڕێگەو هۆکارێکە بۆ گوزارشتکردن لەو ڕووداو و بەسەرهاتانەی کە لە شوێنێکی دیاریکراو ڕوودەدەن، چونکە هەموو شوێنێک داهێنانی ئەدەبی لێ بەرهەم نایەت و جوانی بە دەقی ئەدەبی نابەخشێت، بۆیە دەبێت شاعیرو ئەدیب ئەو شوێنانە هەڵبژێرن کە واتای قوڵ ببەخشێت.

شوێن لەڕووی ئەدەبەوە دەلالەتی هەمەجۆر دەگەیەنێت، چونکە هەر شوێنێک دەلالەتێک و مەبەستێکی تێدایە بەهۆی ئەوەی ((شوێن لە دەقی ئەدەبی ئەو پانتاییەیە لە ڕووبەر کەپەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ئینسانی لەسەر دامەزراوەو تەواوی هەڵسوکەوت و چالاکی ئینسانەکانی تیا دەگوزەرێ. ڕەگەزێکە لە ڕەگەزە هەرە دیار و بەرجەستەکانی ژیان)) (عەبدوڵا سلێمان مەشخەڵ، 2013: سایت)، بەمجۆرەش شوێنەکان لە واقیع وەردەگیرێت و بۆ خەیاڵی بەهێزی شاعیرو ئەدیبانە بەشێوەیەکی جوان دادەڕێژنەوەو ئاوازو مۆسیقای هەمەچەشنی بە باڵادا دەکەن و لە پاڵیدا واتاو دەلالەتی هەمەجۆرو قوڵی پێ دەگەیەنن، واتە شوێن هەر ئەوە نییە ڕووداوەکەی پێ بگوازرێتەوە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەڵکو پەیامی جۆراوجۆری هەڵگرتووەو شاعیرو ئەدیب دەیکەن بە هۆکارێکی کایگەر بۆ گەیاندنی ئەو دەلالەت و پەیام و مەبەستە بەهێزو هەمەچەشنەکان.

## تەوەری دووەم: پەیوەندی شوێن بە شیعر:

### 1 .2 .1 گرنگی شوێن لە بەرهەمهێنانی شیعردا:

شاعیران شوێنیان بە گرنگ زانیوە لە بەرهەمهێنانی شیعردا، گرنگیدانیشیان هەر لەخۆوە نەبووە، بەڵکو بە پێویستییەکی تایبەتیان زانیوەو یارمەتیدەرێکی باش بووە بۆ گوزارشتکردن لە بیروڕاکانیان، چونکە ((بەرهەمی ئەدەبی کاتێ شوێن لە دەست دەدات ئەوە لەگەڵ خۆیدا ڕەسەنایەتی و تایبەتمەندێتیش لەدەست دەدات)) (غیداء أحمد شلاش سعدون، ٢٠١١: 248) لەبەر ئەوەی گرنگی شوێن لە بنیاتنان و بەرهەمهێنانی دەقی شیعردا بەهۆی ئەو ئەرکەکانەیەوە کە لە لایەن شاعیرەوە ئەنجام دەدرێت.

شاعیر پێویستە بەشێوەیەک وێنەی شوێنەکە بکێشێت کە ببێتە هۆی کارلێکردن لەگەڵ ڕەگەزەکانی تری شیعر بۆ ئەوەی دەستبەرداربوون لێی ئەستەم بێت، بۆیە ((شوێن لە شیعردا رۆڵێکی گرنگ دەگێڕێ لە ئاوێتەبوونی لەگەڵ فاکتەرەکانی تر کە بەرهەمی شیعریی پێکدێنن)) (یاسین النصیر، 1986: 17). ئەمەش وایکردووە وێنەکان واقعیانەتر دەربکەون، هەر وێنەیەکیش بە پێی شوێنەکە دەلالەتێک دەبەخشێت و تابلۆیەکی پر لە زانیاری بە دیدی وەرگر ئاشنا دەکات، ((شاعیر بەمجۆرە بەردەوام دەبێت لە وێنەکیشانی شوێن لە گواستنەوەی هەستەکان و هەڵچوونەکان تا مۆرکێکی جولاوەو چالاکی مرۆڤی پێ ببەخشێت تا شوێنەکە بەزیندوویەتی بمینێتەوە)) (بدر نایف الرشیدي، 2012: 41)و دووبارە وێنەکە دروست دەکات بەشێوەیەک ڕووناکترو قووڵتری دەکاتەوە، کە دەگاتە ئاستی جیابوونەوەی شوێنی شاعیر لە شوێنی قەسیدە شیعرییەکە (نجم الدین کمال، 1978: 120)، تا ((تەواوبوونی تابلۆکە لە لای شاعیر بە دیارخستنی سۆزەکان، ڕەفتارەکانی مرۆڤیش لە ناو دەروون جۆراوجۆر دەبێت، تا وەکو شوێنەکە بە زیندویی بمێنێتەوەو پڕ بێت لە ژیان و هونەر)) (بدر نایف الرشیدي، 2012: 41)، شاعیر بەشێوەیەک دیمەنەکانی ناو شوێنەکە لەنێو دەقە شیعرییەکانی وێنا

دەکات کە ژیان و جولەو هەست و سۆزو دەروونی تیادا بەرجەستە بێت، وەک بڵێی ژیانێکی تر لەنێو دەقە شیعرییەکە دەگوزەرێت و جوانی بە دەروونی مرۆڤ دەبەخشنەوە.

شوێن گرنگی هەیە وەکو شتێکی بینراو کە بەهۆیەوە شاعیر دەتوانێت تەوزیفی بکات بۆ بەرجەستەکردنی بیروڕاو هێماکان و ڕاستیە موجەڕەدەکان، بەمجۆرە لە واقیعەوە نزیکی دەکاتەوە، لەگەڵ ئەمەشدا؛ شوێن لە بەرهەمی شیعردا ئەرکێکی تری هەیە کە بریتییە لە دەوڵەمەندکردنی وەسف و وێنە ئەدەبییەکان، بە مەرجێک گواستنەوەی بینراوەکە تیایدا گواستنەوەیەکی جوانکاریی و پڕ دەلالەتی جۆراوجۆر بێت (غیداء أحمد شلاش سعدون، ٢٠١١: 249). چونکە شاعیر ئەو شوێنە بە هەل دەزانێت بۆ خاڵیکردنەوەو داماڵینی هەست و سۆزو دەروونی پڕ لە جۆشدراوی خۆی و تاکەکانی کۆمەڵگەکەی، بۆیە شوێن بۆ شاعیر زەمینەیەکی بەپیتە بۆ دەربڕینی ئەوەی بە مێشکی و هەستەکانیدا تێدەپەڕێت، ئەمەش وای لێکردوە بگۆڕێت بۆ نمایشێکی تایبەت بۆ ئەوەی لەگەڵ هۆکار و هەڵوێستەکانی ناو دەروونیدا بگونجێت، کە تێیدا ڕەهەندە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکانی خۆی دەکێشێت و لەگەڵ خۆیاندا هێما و دەلالەتی جۆراوجۆر هەڵدەگرن کە پرۆسەی بیرهێنانەوە و خەیاڵکردن تێیدا ڕوودەدات کە وا لە وەرگر دەکات پەیوەندی نێوان شوێن و شاعیر بناسێت (محمد عبدالحکیم الفقي، ؟: 972).

لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە کاریگەری شوێن بە شیعر وەک کارتێکەرو کارتێکراوە (شوێن کارتێکەر و شیعر کارتێکراوە)، کاتێک شاعیر دەلالەتی هەمەچەشن بە ڕێگەی شوێنەوە دەردەبڕێت ئەوا شاعیر بەشوێنەکەوە کارتێکەرە، کاتێکیش شاعیر بە هۆی شیعرەکەیەوە دەلالەتی شوێنەکە دەگەیەنێت ئەوا کارتێکراوە، بەڵام دەلالەتی جیاجیای دەبێت بە پێی جیاوازی شوێن و کات و ڕووداوەکە، بەهۆی ئەوەی ((شاعیر لە کاتی تەوزیفکردنی شوێن؛ پشت بە کات و ڕووداوەکە دەبەستێت تا پەیوەندی بە واقیعەوە نەپچڕێت، لەگەڵ ئەمەشدا شاعیر دەتوانێت پەیوەندی نێوان خۆی و واقیع ئاشکرا بکات لە ڕێگەی بەیەکگەیشتنی هەردووکیان)) (یاسین النصیر، 1986: 19)، لەبەر ئەوەی هەر ڕووداوێک پەیوەستە بە کات و شوێنێکی دیاریکراو، هەر بۆیە شوێن دەلالەتی جۆراوجۆر دەگەیەنێت بە پێی ئەو واتایەی کە شاعیر پێی دەبەخشێت، بەجۆرێک ((بە شیعریی بوونی شوێن هێمای دەلالی هەبێت)) (بادیس فوغالي، 2008: 55)، بەو واتایەی گەر شوێنێک دەلالەتی بەهێز نەگەیەنێت ئەوا جوانی لەنێو دەقە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

شیعرەییەکە بەرهەم ناهێنێت، بۆیە پێویستە ئەو شوێنانە لە لایەن شاعیرە هەڵبژێردرێن کە دەلالەتی بەهێز بدەن بەدەستەوەو سەرنجڕاکێش بن و جوانی ببەخشن؛ بەهۆیەوە کاریگەری لەسەر وەرگر دروست بکەن بۆ ئەوەی بە واتای قوڵ و دەلالەتی شوێنەکە بگەن.

### 1. 2. 2 گرنگی شوێن لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا:

لەچەند خاڵێکدا خۆی دەبینێتەوە، لەوانە:

١. شاعیرانی هاوچەرخ بە بەکارهێنانی شوێن لە شیعرەکانیاندا توانیویانە گوزارشت لە ناسنامەی نەتەوەییان بکەن، بەشێوەیەک؛ شوێنیان کردۆتە ڕێگەیەک بە خستنەپاڵی واتاو دەلالەتی هەمەچەشن توانیویانە دەربڕین لە بیروباوەڕی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ... خۆیان بکەن.

٢. شاعیر لە ڕێگەی هێنانەوەی شوێن لە شیعری هاوچەرخدا؛ سیماو پاشماوەی جینۆسایدی گەلی کورد کە لە لایەن دەسەڵاتی فاشیستەوە بەسەر نەتەوەی کورددا هێنراوە؛ بەرجەستەی دەکات.

٣. شوێن بەهایەکی جوانیناسانە بە دەقی شیعری هاوچەرخ دەبەخشێت.

٤. شوێن ڕۆڵێکی گرنگ و کاریگەری هەیە، چونکە شاعیر بە هۆیەوە بەشێوەیەکی ڕوون و ئاشکراو لە هەموو ڕوویەکەوە گوزارشت لە گرفت و کێشەو ناخۆشی ژیانی کۆمەڵگەکەی دەکات.

### 1. 2. 3 پەیوەندی شوێن بە زمانی شیعر:

پەیوەندی شوێن بە زمانی شیعر؛ پەیوەندییەکی زۆر کۆنەو هەر لەگەڵ بوونی مرۆڤ پەیدابووە، کاتێک کە قسەی لەگەڵ سروشت کردووەو هاوئاهەنگ بووە لەگەڵی تا ئاگای لە هاوڕەگەزی خۆی بێت، یان ئەوەی کە لە دەوروبەری ڕوودەدات ئەمەش بەر لەوەی زمان بگاتە ئەم ئاستەی ئەمرۆ؛ کە سیستەمی بووە بە هێماو ئاماژەو ئەو ئەرکە ئەنجام دەدات کە لە کاری ئەدەبی بۆی دانراوە. (یاسین النصیر، 1986: 17). بۆیە پێویستە ئاماژە بە ڕۆلی زمانی شیعریی و جوانکاری سەر شوێن بکەین ، چونکە شوێن لە شیعردا  بە ڕێگەی زمان پێکدەهێنرێت، بەڵام شوێنی شیعری تەنیا پشت بە زمان نابەستێت، بەڵکو ئەو ئەندیشەیەش دەوری تیادا دەبینێت کە بە هۆی زمانەوە شوێن دروست دەکات بە ڕادەیەک کە  توێکڵی واقیع تێدەپەڕێنێت، پەیوەندی زمان بە شوێنی شیعری لەڕێگەی شێوەو ڕووکاری وێنەیی

ئەنجام دەدرێت (مرتضى حسين علي حسن، 2016: 10)، شوێنی نێو شیعر ماددەکەی زمانە، بەڵام ڕەگی شوێنەکە واقیعە، شاعیر بەلێزان تواناو بەهرە زمانییەکەی لەگەڵ ئەو خەیاڵەی لە بیرو زەینی دایە؛ شوێنە مەبەستەکان بنیات دەنێتەوە، بەشێوەیەک کە سەرنجڕاکێش بێت و وەرگر بەلای خۆیدا کێش بکات بۆ ئەوەی بە دەلالەتەکانی شوێنە بەرهەمهاتووەکەی بگەن.

زمانی شیعر؛ زمانی کۆدو هێماو دەلالەتە، شوێنیش هۆکارێکە بۆ دروستبوونی دەلالەتی جۆربەجۆرو جیاواز بەپێی جیاوازی شوێنەکە، ئەمەش وایکردووە ئاسۆی بیری شاعیر لەڕێگەی زمانە شیعرەکەیەوە فراوان بێت و دەلالەتەکانی شوێنی پێ دەرببڕێت، جا چ گوزارشت لە خودی خۆی بکات، یان گوزارشت لە دەوروبەرو کۆمەڵگەکەی بکات، چونکە بوونی شوێنێک لە شیعردا بێ ئەوەی دەلالەتێکی هەبێت؛ ئەوا هیچ گرنگییەک بۆ زمانی شیعرەکە ناهێڵێتەوە، ((بۆیە پێویستە لەسەر شاعیر وا بکات؛ دەلالەتی شوین لە بەرهەمە شیعرییەکەی شتێک لەسەر خۆی یان کۆمەڵگەکەی بخاتەڕوو؛ لە ڕێگەی بەهرەکەی کە زمانی کردۆتە هۆکار بو لادان لە زمانی ئاسایی و کێشانی وێنەیەکی واتابەخش کە گونجاو بێت لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی بیرو یادگەی شاعیر لە واقیعدا)) (حميد الحمداني، 1991: ٥٦-٥٧)، واتە بە زمانی شیعر شوێنەکان لە لای شاعیر دروست دەبێت؛ ئەو زمانەیە بە ڕەمزو دەلالەت دەوردراوەو لە زمانی ئاسایی جیا دەبێتەوە، لەم ڕێگەیەشەوە چەندەها وێنەی جوان و شێوازی دڵگیر بەرجەستە دەبێت.

لە زمانی دەقە شیعرییەکانی (پەشێو) بەو شوێنانە ئاشنا دەبین کە هاوسۆزی بۆیان هەیەو چاوەکانی هەمیشە بەچاودێری ئەو شوێنانە دادەنێت کە لە شیعرەکەیدا ڕەنگدەدەنەوە، بەمشێوەیە زمان هۆکارێکی سەرەکی دروستبوونی دەلالەتی شوێنە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا پێویستی بە سۆزو دەروونە بۆ ئەوەی هاوسۆزی شاعیر بۆ شوێنەکان بخاتەڕوو، بەمجۆرە ((شاعیر؛ شوێن بە هۆی وێنەو زمان و ئیقاع بەرجەستە دەکات ، هەروەها شوێن جوانکارییەکەی بەرزەفری ناو شیعرە لە ڕێگەی ئاوێتەبوونی پوخت و ئاڵۆز لە نێوان خۆی و فەلسەفە سەردەم و گۆشەنیگای مرۆڤ)) (باديس فوغالي، 2008: 55-٥٧) بۆ ئەوەی لەم ڕێگەیەوە شارەزای ئەزموونی شاعیر بین کە وا چۆن چۆنی مامەڵەی لەگەڵ شوێنەکاندا هەبووەو کردوویەتی و دەکات، کاتێک ئاوازو وێنەیەکی غەمگین لە شوێنە کێشراوەکانی نێو شیعرەکە بە هۆی زمانەوە بەرجەستە دەبێت، بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە شوێنەکە دڵگیرو

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خۆشەویست بووە لای شاعیر، یان ئەو زمانە شیعرەی کە شوێنەکەی لە دەقە شیعرەکە بنیاتناوە ئاوازێکی تورەو ناخۆشی لێ دروست بووە، ئەوا ئەم شوێنە بۆ شاعیر ئازاربەخش بووەو سەرچاوەی ناخۆشیەکانە، ئەم و چەندین ئاوازی تر کە بەمشێوەیە دروست دەبێت، واتە لە شوێنەکانەوە هەست و سۆزو دەروونی شاعیر دەخوێندرێتەوە بەو شێوەیەی کە لەزمانە شیعرییەکەوە بەرهەمهاتووە، بۆیە لێکۆڵینەوە لە دەلالەتی شوێن لە شیعردا پێویستە، چونکە پێکهاتەو بونیادی دەقە شیعرییەکەی؛ جوانی و پێگەو گەورەیی و خۆشی و ناخۆشی شوێنەکانی شاعیر دەخاتەڕوو.

بەمجۆرە شاعیر شوێنەکەی بنیات دەنێت و ڕاو بیرو بۆچوونی بەهۆی زمانەوەیەو دەربڕی ئەو واتاو بیرەیە کە شاعیر دەیەوێت دەری ببڕێت.

### 1. 2. 4 ئەدگارە دیارەکانی بەکارهێنانی شوێن لە دەقە شیعرییەکانی (عەبدوڵڵا پەشێو) دا:

پەشێو یەکێکە لەشاعیرە دیارەکانی هاوچەرخی کوردی، ئەدگار یاخود خەسلەتەکانی کە لەنێو دەقە شیعرییەکانیدا دەبینرێت؛ گەواهی ئەو ڕاستییە دەدەن، لەوانە:

١. بەکارهێنانی شوێن لە شیعری (پەشێو)دا هۆکارو ڕێگەیەکی گرنگ بووە بۆ گوزارشتکردن لە دۆخی سیاسی کوردستان، ئەمەش تێکەڵبوون (ئاوێتەبوون)ی شیعری شاعیر بە سیاسەت دەسەلمێنێت.

٢. شاعیر لە ڕێگەی بەکارهێنای شوێن لە شیعرەکانیدا؛ پێگەو تۆبۆگرافیای کوردستانی خستۆتەڕوو، کە چەندە خاکی کوردستان بە نرخ و پڕ بەرهەم و بە بایەخی هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا وەک پێویست سوودی لێ نەبینراوە.

٣. ئاماژەدانی شاعیر بەو شوێنانەی کوردستان لەشیعرەکانیدا؛ کە دەلالەت لە ڕووداوی جەرگبڕ دەکەن؛ ئەوا نیشاندەری ئەو کۆست و کارەسات و مەرگەساتە گەورانەیە کە یەک بە دوای یەک بەسەر کوردو کوردستاندا هێنراوە، کە مێژووی کوردستانیان لێپێکهاتووە.

٤. شاعیر لە شیعرەکانیدا پەنجەی خستۆتە سەر چەند شوێنێکی دەرەوەی کوردستان، ئەمەش ئاماژەیە بۆ شوێنی نیشتەجێبوونی لە دەرەوەو دوور لە زێدی خۆی کە بەسەر بەستی توانیویەتی گوزارشت لە نەهامەتییەکانی میللەتەکەی بکات.

*لە بەشی دووەم بە نموونەی شیعری ڕوونکراوەتەوە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## بەشی دووەم: دەلالەتی شوێن لە دەقە شیعرییەکانی (عەبدوڵڵا پەشێو)ی شاعیردا:

شاعیر (عەبدوڵڵا پەشێو) لە بەکارهێنانی شوێن لە شیعرەکانیدا تەنیا وەک تابلۆیەکی تۆبۆگرافی (جوگرافی) وێنەی نەکێشاوە، بەڵکو دەلالەتی هەمەجۆری بە پێی ئەو واقیعەی ژیانی تێدا گوزەراندوەو بەپێی ئەو بارە دەروونی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و ... تیادا ژیاوە؛ پێ بەخشیوە، چونکە ((شوێن تەنها خۆڵ و بەرد و شاخ و ڕووبارێکی ڕووتی چەسپاو نین لەلای مرۆڤدا، بەڵکو بەشێکە لەشێوازی ژیان و بیرکردنەوە و پۆترێتەکانی مرۆڤ)) (نەجات حەمید ئەحمەد ، ؟: ٤٦)، شوێن لە شیعرەکانی شاعیردا بەدیهێنانی خەون و خولیایە لەلایەک، لە لایەکی تر دەربڕینە لە باری دەروونی و سیاسی و ئاینی .. کە کاریگەرییان بەسەریەوە هەبووە، بۆیە دەبینین شوێن لای پەشێو واتای نوێی بۆ خۆی هەڵگرتووەو ئەو واتایەی بە شوێنەکان بەخشیووە کە مەبەست و ویستی شاعیر بووە.

## تەوەری یەکەم: جۆرەکانی دەلالەتی شوێن لە دەقە شیعرییەکانی (عەبدوڵڵا پەشێو)دا:

### 2. 1. 1 دەلالەتی شوێنی دەروونی لە شیعری شاعیردا:

دەروون پەیوەندییەکی پتەو و بەهێزی بە هەڵبژاردنی شوێن لە لای شاعیرەوە هەیە، بۆیە شوێن هەڵگری بارەکانی دەروونە لە ئازارو خەمباری و نامۆیی و خۆشی و ناخۆشی و نیگەرانی و ..، کە شاعیر پێیدا تێپەڕ بووە، ئەمەش وایکردووە لە شیعرەکانیدا بە دەلالەتی جۆربەجۆر ڕەنگبداتەوە.

واتە شوێن ئاوێنەیەو لە شیعردا هەستەکانی تێدا دەبینرێت، دەکرێت شوین لە خەیاڵماندا هەبێت و لەناخماندا هەڵکۆڵدرابێت؛ بێ ئەوەی ڕاستەوخۆ تێیدا ژیابین؛ بە پەیوەندییەکی بەهیز دەمانبەستێتەوەو دەبێتە بەرجەستەبوونی قوڵیی لە هاوسۆزی و ئینتیما، شوێن هەڵدەستێت بە بارگاویکردنی مرۆڤ بە وزەی دەروون و ویژدانەوە (بدر نايف الرشيدي، 2012: ٧٢)، لەهەمان کاتیشدا ڕێگەو هۆکارێکی گرنگیشە بۆ خاڵیبوونەوەی دەروون لەو دۆخەی تەنگی پێ هەڵچنیوە، کە بەهۆیەوە لە تەنگەژییەکانی دەروون ڕزگاری دەبێت.

خەمی شاعیر کاڵ نابێتەوە بەهۆی بینینی ئەو بارودۆخە ناهەموارەی کە کۆمەڵگەکەی پێیدا تێپەڕ دەبێت، لە لایەکی تر دووری لە کوردستان و غوربەت گۆشەیەکی تری خەمهێنانەیە بۆ شاعیر، بۆ نموونە (عەبدوڵلا پەشێو) دەڵێت:

پێم سەیر نییە، گەر لێرەو لەویێ،
چاوم بە هەندێک بنیادەم کەویێ،
لەباتی ددان کەڵبەیان هەبێت؛
لەباتی نینۆک ڕنۆکیان هەبێ..
ئەوەی پێم سەیرە، وەکوو پەرجۆی خوا،
هەڵەبجەخنکێن
دوو چاوی هەبێ و بە دوو پێ بڕوا (عەبدوڵلا پەشێو، ٢٠١٤: ١٥٤)

(هەڵەبجە) ئەو شوێنەیە هەرکە ناوی ببیستین؛ ڕاستەوخۆ بیرمان بۆ کیمیاباران دەچێت، بۆ ئەو کارەساتە جەرگبڕە دەچێت کە هەزاران کەسی لەیەک کاتدا بەهۆی گازی کیمیاییەوە کوشت و بڕو کوێرو ڕوخسار شێواو و لەدەستدانی ئەندامی جەستەو .. لەناو بردوون، (پەشێو)ی شاعیر بەسەرسورمانەوە لەو کەسانە دەڕوانێت کە چۆن بە سەلامەتی لەو گازە خنکاوییە دەرچوون و بە ساغی ماونەتەوە ئەمەش موعجیزەی خودای گەورەیە، چونکە ڕژێمی بەعس بەو نیەت و نیازە بوو تەواوی دانیشتووانی هەڵەبجە لەناو ببات و ئاسەواریان لەسەر ڕووی زەوی بسڕێتەوە، بۆیە ناوهێنانی هەڵەبجەی شەهید زامێکی سارێژ نەبووەو لە دڵ و دەروونی هەمووانداو ئازارێکی بەسۆیەو نە لە عەقڵ دەردەچێت نە دەروون لێی ڕزگار دەبێت، بۆ هەمیشە دەروون بەو تاوانە نامرۆڤانەیە دەتلێتەوە.

پایزی لەشەو هاوینی گیانە،
لە ترسی خەزان دڵم خەمناکە (عەبدوڵلا پەشێو، ٢٠١٤: ٣٠٩)

پەشێو تەمەنی بەرەو هەڵکشانەو خەمەکانیش دەروونی گەرم داهێناوەو لە ترسی خەزانیش (دڵ)ی کردووە بە لانەی خەمناکییەکەی، واتە (دڵ) شوێنی هەڵگری خەمەکانە، دڵ شوێنێک نییە تەنیا بۆ هەستێک بەڵکو تەواوی هەستەکانی لەنێو خۆیدا جێکردۆتەوە، ئەویش ترسی شاعیر لەوەیە بمرێت و لە خاکی خۆی نەبێت، بۆیە شاعیر خەمی گەورەیەو وایکردووە تەواوی گیانی بەخەم داپۆشراو بێت.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کچی خۆم، چما نازانیت،
تا هەنووکەش، من هەر بەوێ
بێدەنگیم لێورێژی دەنگەو
بۆشاییم مووی پێوە ناچێ و
دیوەخانی گۆشەگیریم هەر جمەی دێ؟ (عەبدوڵلا پەشێو، ٢٠١٤: ٤١٥)

شاعیر باسی لە شوێنی (دیوەخان) کردووە، بەو واتایەی لە دەروونیدا گۆشەگیری باڵی بەسەرداکێشاوە، شاعیر لێرەدا دەروونێکی تێکشاوی هەیە، بە هۆی ئەو چەرمەسەری و ناخۆشیانەی بەردەوام بەسەر نەتەوەکەی هاتووە بێدەنگی کردووەو وایلێکردووە لە ناخیدا دوورەپەرێز بێت لە دەروونی خۆیدا وشەکان بخواتەوەو گۆشەگیر بێت.

ئەم خەمە خەمی شاخێکە،
بەیانییەک،
بە یەک چرکە، یەک چرکەو بەس (عەبدوڵلا پەشێو، ٢٠١٤: ٤١٨)

(شاخ) شوێنێکە لەڕووی بەرزی و پانییەوە گەورەو فراوان و قورسە، بۆیە (پەشێو)ی شاعیر لە زۆری خەمەکەی؛ شوێنێکی وەک شاخی کردووە بە ناساندنی، وەک بڵێی لە دەروون و گیانیدا ئەو خەمە زۆرەی کە قەبارەو بارستاییەکەی بە قەد شاخێکە تێدا جێی بۆتەوە ئەمە لە یەک چرکەدا خەمەکەی ئەوەندە زۆر بێت، ئەی دەبێت لە یەک دەقەو ساعاتدا خەمەکانی چەندە لێبێت؟ ئەم خەمە زۆرەشی بۆ ئەو ژیانە دژوارەی کوردستان دەگەڕێتەوە کە پێیدا تێپەڕ دەبێت، بەمشێوەیە شوێنەکەی کردووە بە هۆکارێک بۆ دەربرین لەو بارە دەروونییەی کە پێیەوە دەناڵێنێت.

### 2 .1 .2 دەلالەتی شوێنی سیاسی لە شیعری شاعیردا:

شاعیر شوێن بەکاردەهێنێت بۆ ئەوەی گوزارشت لە بیروبۆچوونە سیاسییەکانی بکات، پەشێو لە ماوەی ژیانیدا بە دۆخی سیاسی جیاجیا تێپەڕبووەو ڕووبەڕووی چەندەها دۆخی نەخوازراو بۆتەوە، هەر ئەمەش بووە هۆی ئەوەی وا لە شاعیر بکات بریاربدات ڕوو بکاتە دەرەوەی وڵات و لەوێ نیشتەجێ بێت و دوو لە سۆزی نیشتیمانەکەی ژیان بەسەرببات. بۆ نموونە:

لە بەندیخانەی تاریک و نووتەک،
گوێ پڕ لە دەنگی کەلەپچەی مەچەک،
پڕ بە ناخی دڵ،
زۆر گەرم و بە کوڵ،
گەر بتلێمەوەش
بەستەی ڕزگاری
هەر دەلێمەوە دژی زۆرداری (عەبدوڵلا پەشێو، ٢٠١٤: ٩٩)

شاعیر لەم پارچە شیعرەدا باس لە شوێنێکی تەنگ و ناخۆش دەکات کە بەندیخانەیە، ئەو شوێنەیە دەلالەت لە گرتنی خەڵک و ئازاردانی دەکات، (پەشێو) پڕ بەدڵ دووپاتی دەکاتەوە هەر چەندە لە بەندیخانە ئازارو ئەشکەنجە بدرێت بەڵام لە وتن و داواکردنی ڕزگاری هەر ناوەستێت و سور دەبێت لەسەر داواکەی، ئەمە شوێنی سیاسییە کە دەسەلات دروستیکردووەو شاعیر لەو شوێنەوە پەیامەکەی بۆ ئازادی ڕادەربڕین دەنگی بەرزکردۆتەوە.

دەستم گوتیە پەنجەکانم:
با لە مەیدان بتانبڕن
بەڵام، هەرگیز نەتانکڕن (عەبدوڵلا پەشێو، ٢٠١٤: ٢٠٢)

لەم شیعرەدا (مەیدان) شوێنێکە دەلالەت بۆ شوێنی جەنگ دەکات، کە شاعیر لە خەیاڵیدا بە شێوازێکی ململانێیەکی توند لەگەڵ خۆیدا باس لەو مەیدانە دەکات؛ مردنی زۆر پێ باشترە لەوەی بکردرێت و خیانەت لە خۆی و دەوروبەری بکاتن ئەمەش وەستانە دژی زوڵم و ستەم، بێگومان مەیدانی جەنگ بۆ ئەو جەنگە دەگەڕێتەوە کە دەسەڵاتی سیاسی بڕیار لەبارەیەوە دەدەن.

ساڵەهای ساڵ
لە زیندانێکی تاردا بووین،
شەشدەری قورقوشم و پۆڵا،
گەڵایەک بووین
دەچووین بەگژ ڕەشەبادا (عەبدوڵلا پەشێو، ٢٠١٤: ٣٤٠)

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

(زیندان) ئەو شوێنەیە لە لایەن دەسەڵاتەوە بەکاردەهێنرێت؛ دەلالەتە بۆ بەندکردنی کەسانێک لەسەر بابەتێکی سیاسی یان هەر بابەتێکی تر، لەم پارچە شیعرەدا شاعیر ئاماژەی بەوە داوە لە بەهاری ساڵی ١٩٩١ لە لایەن ڕژێمی فاشستەوە بە هۆی دۆخی سیاسییەوە زیندانی کراون؛ بەڵام بوێرو چاونەترس ڕووبەڕوویان بوونەتەوە، ئەو دۆخە نالەبارەی کورد پێیدا تێپەڕی کرد لەو ساڵەدا بە هۆی دەسەڵات و سیاسەتی حکومەتی بەعسەوە بووە.

### 2 .1 .3 دەلالەتی شوێنی نیشتیمانی لە شیعری شاعیردا:

نیشتیمان ئەو شوێنەیە کە هەڵگری شوناس و ناسنامەو خاک و سەرچاوەی ژیانە، نیشتیمان ئەو ئامێزەیە کە هاونیشتیمانیانی تێدا پارێزراوەو لەوێوە پێداویستییەکانیان بەردەست دەخات، (پەشێو)ی شاعیر بە ڕێژەیەکی بەرچاو لە شیعرەکانیدا باس لە نیشتیمان دەکات و تیایدا ئینتیماو خۆشەویستییە بێوێنەکەی بۆ نیشتمان و زێدی باو و باپیرانی دەربڕیوە، لە شیعرەکانیدا وێنەی نیشتیمانەکەی بە شێوەیەکی جوان و دڵگیرو تاک وێنە کێشاوەو لەگەڵ هەموو ئەو دۆخانەی لە شیرینی و تاڵی نیشتیمانەکەی کە پێدا تێپەڕبووە گوزارشتی لێکردووە، ئەمەش بەهای جوانی و بەپێزی خاک و ئینتیما بۆ نیشتمانەکەی دەگەیەنێت، (پەشێو) گەرچی لە دووری نیشتیمانەکەی ژیان بەسەر دەبات، بەڵام بە وشە سەنگینەکانی؛ بەرگری و داکۆکی لە نیشتیمانەکەی دەکات، بۆیە دووری لە نیشتیمان؛ شاعیری دووچاری ئازارێکی زۆر کردۆتەوەو و بەخەیاڵ و بیرە جوانەکەی خستویەتییەڕوو، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە بەشێوەیەکی بەتین و بەهێز بە نیشتیمانەکەیەوە پەیوەست بێت. بۆ نموونە:

گومانی ئەوسام، ئێستا یەقینە
ئەستێرەناسی
هەموو جیهانیش بە گژمدا چن،
ئەستێرەکانی دنیای هەندەران
قەت لە ئەستێرەی کوردستان ناچن (عەبدوڵلا پەشێو، ٢٠١٤: ٢٠٠)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

شیرینترین شوێن لای شاعیر نیشتیمانەکەی (کوردستان)ە، دەلالەتە بۆ خۆشەویستی شاعیر بۆ کوردستان، وایلێکردووە تەنانەت ئەستێرەی ئاسمانەکەشی بەجیاوازو دەگمەن و گەشتر ببینێت، (پەشێو)ی شاعیر بەهۆی ئەوەی لە غوربەت و وڵاتی هەندەرانە؛ چێژبینینی ئەستێرەی کوردستانی لەدەستداوە، ئەمەش کاریگەرییەکی زۆری کردۆتە سەر شاعیر؛ وایکردووە ئارام نەبێت و خۆشی لەژیان نەبینێت، بۆیە هەمیشە ئاواتەخوازە بگەڕێتەوە بۆ باوەشی نیشتیمانەکەیی و دوور لە ستەم و وێرانکاری و ناخۆشی.

ئەم تامەزرۆو حەسرەتخواستن بە خاک و گوڵی نیشتیمانەکەی بەردەوامە، بەڵام ئەمجارەیان هەست و خۆشەویستی نیشتیمانەکەی لە گۆشەنیگاو ئاسۆ و بیرو دڵی هاوڕێکەیەوە دەربڕیوەو دەڵێت:

هەموو جارێ
زوو دەژاکێ لەسەر گۆڕت
هەر گوڵێکی کە دەیچێنم.
خۆ دەزانم شێتی گوڵی کام وڵاتی،
بەڵام ... چبکەم
گوڵی ئەوێ لە کوێ بێنم؟ (عەبدوڵڵا پەشێو، ٢٠١٤: ٣١٢)

پەشێو ئەو شوێنانەی لەم پارچە شیعرە کە هێناویەتی (گۆڕو وڵات)ە، دەلالەتە بۆ نیتشیمانی زێدی خۆی و باو و باپیرانی، حەسرەت خواستن بە مردن لە وڵاتی خۆت و زێدی باو و باپیران کۆستێکە تەنگی بە شاعیر هەڵچنیوە، ئەمەش لەو کاتەیە کە هاوڕێی (ڕەهبەر جەلال) ئاواتی بۆ خواستووە، بۆیە پێی وایە گوڵی وڵاتی بێگانە لەسەر گۆڕی زوو هەڵدەوەرێت و تامەزرۆی گوڵی وڵاتەکەی خۆیەتی، شاعیر بەتاسەو حەسرەتەوە دەڵێت: گوڵی وڵاتەکەمان لەکوێ بێنم چونکە ئەویش لە دەرەوەی وڵاتەو ئاواتەخوازەی هاتنەوەیە بەڵام دۆخەکەی بواری پێنەداوە. هەموو ئەمانە دڵ و بیری شاعیریان ماندوو کردووەو نیشتیمانی کردووە بە هۆکارێک بۆ دەربرین لەو بارە دەروونییەی کە پێیەوە دەناڵێنێت.

ئەدی ناڵێم،
گەردەن بەرزیت هی سەفینەو
بەخشندەییشت هی قەراج؟ (عەبدوڵڵا پەشێو، ٢٠١٤: ٣٨٦)

(سەفین و قەراج) دوو شوێنن لە سنوری شاری هەولێر، یەکیان چیایەو ئەویتریان دەشتە، بەڵام مەبەست و دەلالەتی شاعیر لەم دوو شوێنەدا؛ قەڵای هەولێرە لە، لەڕووی بەرزییەوەو سەنگی و بەهێزیی و خۆڕاگرییەوە وەک چیای سەفینەو لە بەخشندەیشدا هاوشێوەی دەشتی قەراجە چونکە هەموو لایەک بێ جیاوازی لە باوەش دەگرێت.

نیشتیمانم،
کە بەهەشتی سەر زەوی بێ و
هەر بستێکی ئاسمانەکەی
بۆ باڵندان نەکەم بە نوا
هەر گەردێکی خاک و خۆڵی
نەپارێزم وەک پەرجۆی خوا،
هەر تۆزقاڵێک لە هەواکەی
هەڵنەکێشم وەک خەڵاتێ..
ئیتر بۆچی خوا لەو دنیا
بەهەشتێکی دیم بداتێ؟ (عەبدوڵلا پەشێو، ٢٠١٩: ١٦٧)

پەشێو لێرەدا باس لە شوێنێک دەکات کە نیشتیمانی دایکە؛ بە بەهەشتی سەرزەمینی داناوە، کە خودا ئەم بەهەشتەی لەدنیادا پێی بەخشیوەو تیایدا باس لەوە دەکات کە بەرزڕاگرتن و پاراستنی خاک و خۆڵ و هەڵمژینی هەوای نیشتیمانەکەی هەموو دنیا دێنێت و لە خۆشیدا بە خۆشترین شوێنی قیامەتی چواندووە، بەمجۆرە شاعیر بۆ لای خۆی کێش دەکات و لە هەستی ئینتیما بۆ نیشتمانی دایک دەژیت.

### 4 .1 .2 دەلالەتی شوێنی ئاینی لە شیعری شاعیردا:

مەبەست لەو شوێنانەن کە وا دەلالەتی ئاینییان تیادا ڕەنگیداوەتەوە، واتە ئەو شوێنانەن کە ڕێوڕەسمی ئاینییان تێدا ئەنجام دەدرێت، شاعیر لەمەدا ئاماژەی بە گەلێک شوێنی ئایینی کردووە؛ لەوانە: (مزگەوت، کلێسە، ..) لەپاڵ هەر یەکەیان واتاو مەبەستێکی تایبەتی بە وەرگر دەگەیەنێت. بۆ نموونە:

ئەو مناڵەی ئێوارێ دیم،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە سێبەری مزگەوتێکا

برسێتیی لە خۆی لوول دابوو (عەبدوڵڵا پەشێو، ٢٠١٤: ٢٨٤)

(مزگەوت) شوێنی نزاو پاڕانەوەو تاعەتە، بەڵام لەم شیعرەی پەشێودا دەلالەتێکی تری لەخۆ گرتووە؛ ئەویش پێشاندانی منداڵێکی هەژارە کە چۆن لە برسێتیدا لە سێبەری ماڵی مزگەتدا کەوتووە، ئەم دیمەنە وا لە موسڵمانانیش دەکات دەستی میهرەبانی بۆ درێژ بکەن و تاوێک لە سۆزی خۆیانیان پێ ببەخشێت. دەبینین شاعیر لەرێگەی ئەم شوێنەوە وێنەیەکی ناخبزوێنی کێشاوە.

لە زۆر کلێسەی دنیادا

بەرامبەر ئەڵتار وەستاوم.

لە میحرابی زۆر مزگەوتا

سام دایگرتووم، حەپەساوم (عەبدوڵڵا پەشێو، ٢٠١٤: ٤٤٦)

لەم پارچە شیعرەدا شاعیر باسی لە دوو شوێن (ئەڵتار و کلێسە، میحراب و مزگەوت) کردووە، شوێنەکانەکان هەردووکی بۆ پەرستنی خودایە، بەلام یەکیان بۆ مەسیحی و ئەویتریشیان بۆ موسڵمان، ئەڵتار واتە میحراب ئەو شوێنەیە لە ناو مزگەوت و کلێسە دەکەوێتە ناوەڕاست و ئاراستەی قیبلە دیاری دەکات، هەروەک لەدیرە شیعرەکەدا دیارە کە شاعیر دووچاری سەرسوڕمان بۆتەوە، لە لای شاعیر لەبەر هۆکارو بارودۆخ و مەرامی جیاجیا ئەم شوێنە بۆتە جێگەی ترس و دڵەڕاوکێ.

### 2. 1. 5 دەلالەتی شوێنی کۆمەڵایەتی لە شیعری شاعیردا:

ئەو شوێنەیە کە مرۆڤ بە ژینگەو هەڵسوکەوت و ئاستی ژیانی کۆمەڵگەو داب و نەریت و خاکەکەی پەیوەست دەکات، هەروەک پێشینان فەرمووویانە مرۆڤ منداڵی ژینگەو بەرهەمهێنەری کۆمەڵگەکەیەتی، بۆیە دەبینین (پەشێو)ی شاعیر بە بارودۆخی کۆمەڵگەکەی زۆر پەیوەست بووە هەروەک لە شیعرەکانیدا دەردەکەوێت، بەشێوەی ئەرێنی و نەرێنی ئەو بارودۆخەی کە کۆمەڵگەو نەتەوەکەی پێیدا تێپەڕ بوونە بە وشە سەنگین و جوانەکانی خستویەتییەڕوو. بۆ نموونە:

ئەرێ خەڵکینە بۆ وا بە پەلەن؟

مەڵێن کەرویشکی دەشتیش ڕا دەکات

گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئاخر کەروێشکی بەدبەخت و کڵۆڵ

ژینی زۆر کورتە، بۆیە وا دەکات (عەبدوڵلا پەشێو، ٢٠١٩: ٢٩٧)

(دەشت) شوێنێکە بۆ ژیانکردنی کۆمەڵگەو لەوەڕاندنی مەرومالات و کشتوکاڵکردن و دەستکەوتنی کاروکەسابەت و کەروێشکیش خێرا زیاد دەبێت و بەشێوەی کۆمەڵ لە دەشت و دەردا دەژین، بۆیە شاعیر لەڕووی پێکەوە ژیانەوە بەرامبەر بە خەڵکی هێناوەتەوە، لێرەدا مەبەست و دەلالەت لەم شوێنە لای شاعیر؛ بوونی ژیانێکی کولەمەرگییەو کۆمەڵگەی دووچاری بیرکردنەوەی ئاڵۆز کردووەو ژیانی بەرەو هەڵدێرو لێژی بردووە.

خەزنەی ماڵم

چنگێک خۆڵی نیشتیمانە.

عەیامێکە

لەسەر دەستی ئەو دخوێنم.

دەچمە کنی،

گوێ لە ترپەی دڵی دەگرم،

دوگمەکانی دەمی دیرۆک دەترازێنم،

بۆنی کەزی حەوا دەکەم،

جێپێی ئادەم دەشۆپێنم.

ئەمرۆ بۆنم کردو گوتم:

دەزانم تۆ، ئازیزەکەم،

چ دایکێکی میهرەبانی (عەبدوڵلا پەشێو، ٢٠١٩: ٤٤١-٤٤٢)

شاعیر لەم پارچە شیعرەیدا (ماڵ، نیشتیمان، جێی پێ) هێناوەتەوە، هەر سێ شوێنەکانیش قورسایی و گرنگی لای (پەشێو)ی شاعیر هەیە، دەلالەت لەم شوێنانە هاوسۆزییە بۆ نیشتیمان و دایک و خاک و خۆڵەکەی، ئەو ماڵەی بژێوی ژیانی لێ دەستکەوتووەو باوکیش خۆراگری و دایکیش بە سۆزو خۆشەویستی و میهرەبانییەکەی لە ئامێز گرتووە، لەهەمان کاتدا سۆزو خۆشەویستی بۆ دایک و نیشتیمانەکەی هاوتایە؛ لە خاک و خۆڵی نیشتیمان ماڵی دەستکەوتووەو باوک و دایکیش ئامۆژگاری و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

باوەشی گەرمی پێ بەخشیون، کۆکردنەوەی شوێنەکان پەیوەست بوونی شاعیر بە کۆمەڵگەو نەتەوەکەی بەرجەستەبووە.

**6 .1 .2 دەلالەتی شوێنی مێژوویی لە شیعری شاعیردا:**

مێژوو؛ ڕووداو و بەسەرهات و کارەساتە جۆر بە جۆرەکان کە لەکات و شوێنێکی دیاریکراو لە ڕابردوودا ڕوویانداوە؛ دەگرێتە خۆی، ئەمەش یەکێکی ترە لەو شوێنانەی کە شیعری (پەشێو)ی شاعیریان پێکهێناوە، یادەوەرییە مێژووییەکانی ڕابردوو بە تێکەڵکردنی لەگەڵ ئیلهام و بە بەخشینی واتاو دەلالەتی تایبەت و هەمەجۆر لە دەقە شیعرەکانیدا هۆنیوەتەوە، بەشێوەیەک لەگەیاندنی پەیامەکانیدا پەیوەندی بە ڕابردوو کردووە لەپێناو چاکسازی لە ئێستادا، لەهەمان کاتدا مێژووی نەتەوە نمایش دەکات، بۆیە دەقی شیعری شاعیر وەک شانۆو فیلمێک؛ ڕووداو و کەسایەتی و شوێنە مێژووییەکان دەبینرێن، واتە حەقیقەت و واقیع و شوێنی ڕابردوو بە خەیاڵی شاعیر لەکاتی ئێستادا بەتام چێژی وشەو دەلالەتی هەمەچەشن داڕێژراوەتەوەو سیمایەکی نوێی بۆ شیعرەکەی بەرجەستە کردووە. بۆ نموونە:

هەزار گفت و لفتی شیرینی شای ئێران
تەفرەمان ناداو
نامانباتەوە بەر سێدارەی چوارچرا (عەبدوڵلا پەشێو، ٢٠١٩: ٣١٩)

مەیدانی (چوارچرا) کۆنترین شوێنە لە مهاباد دا، ئەم شوێنە دەمانباتەوە بۆ ئەو ڕووداوە دڵتەزێنەی کە تێیدا سەرۆک کۆماری کوردستان (پێشەوا قازی محمد) لەلایەن شاهنشای ئێرانەوە لەسێدارە درا؛ بۆیە شاعیر لەناوهێنانی ئەم شوێنە مێژووییە دەیەوێت پێمان بڵێت؛ کە نابێت گوفتار شیرین و خۆش فریومان بدات، چونکە لەپەنای ئەمەوە کاری دڕندانەیان بۆ ئێمە هەیەو خۆیان مەلاس داوە، وەک بڵێی (ماری سڕ وایە)، بە هۆی ئەم شوێنە مێژووییەوە (پەشێو) ئەو دەلالەتە گرنگەی بەخشیوە.

لە بەد گومانیم ببوورە
بەڵام، هەرگیز باوەڕ ناکەم
ئەربائیللۆ ناوی تۆ بێت (عەبدوڵلا پەشێو، ٢٠١٤: ٣٩٤)

(ئەربائێللۆ) ناونانی شاری هەولێرە لە کۆنداو دەگەڕێتەوە بۆ پێش زایین، کە ئاشوورییەکان ناویان بەمشێوەیە بردووە، واتە مێژوویەکی دووری هەیە، (پەشێو)ی شاعیر پێی وانییە (هەولێر) لە (ئەربائێللۆ)وە هاتێبت، چونکە ئاشوورییەکان دەستێکی تێکدەریان هەبووە لە وێرانکردن و لەناوبردن و وێرانکردندا، لەهەمان کاتدا بە بەردەوامی لەشوێنێک نەماونەتەوە، چونکە هەمیشە بە مەبەستی ئاژاوەو وێرانکردن ڕوویان لەشارەکان دەکرد، بۆیە شاعیر پێی وایە مومکین نییە نەتەوەیەکی لەمشێوەیە ناو لەشارەکەی بنێت، هەر ئەمەش وایکردووە ناونان و هاتنی ناوی هەولێر لە ئەربائێللۆوە ڕەتکردۆتەوە.

## 2. 1. 7 دەلالەتی شوێنی شارستانی لە شیعری شاعیردا:

شارستانییەت ئەو شوێنەوارە مێژوییانەن کە تاک و کۆمەڵگەو نەتەوە پێی دەناسرێنەوەو ناوبانگی پێ بەخشیون، هەموو ئەو شوێنانە دەگرێتەوە کە پێشتر شوێنەواری تێدا دەرکەوتووەو پارێزراوە، واتە شارستانییەت پەیوەستە بە مرۆڤ، شاعیر لە دەقە شیعرەکانیدا ئاماژەی بە شارستانییەتی کوردستان داوە بە مەبەستی بیرهێنانەوەیان لە بوونی ئەو شوێنەوارە دێرینانە لەنێو شارەکەیدا، هەر لە قەڵاو منارەی هەولێرەو بگرە تا دەگاتە ئەشکەوتەکان شاعیر تێکەڵی بە خەیاڵە فراونەکەی کردووەو بە کۆمەڵێ واتای نوێ و فرەچەشن دایڕشتووەتەوە، بەمشێوەیە شاعیر لەڕێگەی ئەم شوێنەوە خەون و خولیاو ئارەزوو هیواکانی پێ دەربڕیوە. بۆ نموونە:

کێ کڕیارە؟
هەرچیم هەیە،
هەمووی تاڵانفرۆش دەکەم
کێ کڕیارە؟
دەی، وەرنە پێش
فەرموون: ئەمە کالانەی چاو،
بڕبڕەی پشت و کاسەسەر،
کڵاوی کەریم خانی زەند،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

شیرو زرێی سەڵاحەددین،
یەکە یەکە
بەندەکانی
پەیمانی سیڤەر،
دەندەکانی نیاندرتاڵی
پیرە ئەشکەوتی شانەدەر (عەبدوڵڵا پەشێو، ٢٠١٤: ٥٢-٥٣)

لەم پارچە شیعرەدا (پەشێو) باسی لە شوێنێکی شارستانی گرنگی کوردستانی کردووە، ئەویش؛ (پیرە ئەشکەوتی شانەدەر)ە، پەیام و دەلالەتی لەهێنانەوەی ئەم شوێنە کولتورییە؛ ئەویش بە هەدەردان و گرنگی پێنەدانیەتی، چونکە ئەم ئەشکەوتە یەکەم لانکەی ژیان و مرۆڤایەتییە، کە مرۆڤی سەرەتایی نیاندرتاڵ لەم ئەشکەوتەدا ژیانیان گوزەراندووەو دواتر لە خوارووی ئەم ئەشکەوتەوە کشتوکاڵ کراوەو بژێوی ژیانیان لێی بەرهەمهێناوە، بۆیە زانراوە چونکە پاشماوەو هێسک و پروسکی نیاندرتاڵی تێدا دۆزراوەتەوە، لەبەر ئەوەی شوێنەوارێکی زۆر گرنگە؛ پێویستە وەک ئەندامەکانی جەستەمان بیپارێزین.

لەبەر چاومەو دەزانم
چۆن شەوێک، دوای خەوزڕان،
شانی ((منارەی چۆلی))ت بە ئاستەم ڕاتەکاندو
لە شەکرە خەوت هەڵساند (عەبدوڵڵا پەشێو، ٢٠١٤: ٣٨٨)

(منارەی چۆلی) یەکێکە لە شوێنەوارە هەرە دێرینەکانی شاری هەولێر، شاعیر لەم پارچە شیعرەدا بە هۆو پەیامێکی تایبەت و جودا گوزارشتی لێ کردووە، ئەویش وریاکرنەوە بە هۆشهاتنەوەی نەتەوەی کوردە بەرامبەر ئەو ڕووداوە نەخوازراوەی کە لە یەکی شوباتدا ڕووبەڕووی هەولێرو کۆمەلگەکەی کرایەوە، بەمشێوەیە لەڕێگەی ئەم شوێنە سەنگینەوە؛ دەستڕەنگینی شاعیر لەگەیانی دەلالەت و پەیامێکی هەستیار بەرهەمهێنراوە.

## 2. 1. 8 دەلالەتی شوێنی ڕۆشنبیریی لە شیعری شاعیردا:

شوێن گرنگییەکی زۆری هەیە لە برەودان و ڕەنگڕێژکردنی بیرفراوانی تاک لەنێو کۆمەڵگەدا، لە ڕووی زمان و کولتورو شێوازی ئاخاوتن و هەڵسوکەوت، ئەمانە لەگەڵ گەشەی مرۆڤ پەرەی پێدەدرێت بەو شێوەی کە لەو ژینگەو شوێنە دەژیت، (پەشێو)ی شاعیر بەشێوەیەکی جوان و دەستەبژێر شوێنە ڕۆشنبیرییەکانی دیاریکردووە بۆ ئەوەی دەلالەتەکانی بیرو زەینی پێ دەرببڕێت. بۆ نموونە:

ها وشە، لێی بپرسن،
کاتێ لە دەم هەڵدەفڕێ
قەت ئاوڕ دەداتەوە؟ (عەبدوڵڵا پەشێو، ٢٠١٤: ١٤)

(دەم) شوێنێکە لە مرۆڤدا، شاعیر هەستیارانە شوێنێکی لە ڕووخساردا هەڵبژاردووە بۆ ئەوەی دەلالەتەکەی کە لەخەیالیدایە بیگەیەنێت، (دەم) شوێنێکە ئاست و ڕۆشنبیری تاکی پێدیاری دەکرێت، چونکە کاتی وشە لە دەم بێتە دەرەوە ناگەڕێتەوە، بۆیە ڕۆشنبیری تاک لەوە دایە بەر لەوتنی هەر وشەیەک پێویستە جوان بیری لێبکاتەوە نەبادا دڵێک، شتێک تێکبشکێنێت.

دیوانێک شیعرم وەبیر هاتەوە،
ناوەڕۆکەکەی پووچ و لەنگ و لار،
بەرگیش، چ بەرگ، هەر شاکارێک بوو،
سەرانسەر تژی لە نەخش و نیگار (عەبدوڵڵا پەشێو، ٢٠١٤: ٣٠٥)

(دیوانی شیعر) شوێنی لەباوەش کردنی وشەکانی شاعیرە، ڕوشنبیری شاعیر دەردەخات، ئاخۆ تا چەند شیعری نێو دیوانەکەی بەپێزو پەیامبەخشە؟، لەم ڕێگەیەوە شاعیر مەبەستییەتی پێمان بڵێت: مەرج نییە هەر دیوانێکی شیعر بەرگەکەی جوان بێت؛ ئەوا ئەو وشانەی کە ناوەڕۆکی دیوانە شیعرەکەیان پێکهێناوە؛ جوان بن، واتە لەبینینی بەرگی دیوانی شیعرەوە بڕیار لەسەر ئاست و تواناو لێهاتوویی و دەسترەنگینی و ڕۆشنبیری شاعیر مەدەن.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

### 2. 1. 9 دەلالەتی شوێنی ڕەمزیی لە شیعری شاعیردا:

مەبەست لەو شوێنانەن کە وا دەلالەتێکی جیا لەوەی دیارو ڕوونە دەدات بەدەستەوە، هەروەک دەبینین (پەشێو)ی شاعیر شوێنەکان دەکاتە ڕەمزێک کە واتاو دەلالەتێکی نوێی هەڵگرتبێت جیا لەوەی کە هەیەو بیر پەی پێدەبات. بۆ نموونە:

دوو دەستم هەبوون:
یەک دوژمن بردی، یەکێکم ماوە..
کامیان هەڵگرم؟
کامیان دەرباز کەم؟
ئەمیان بەندی دڵ،
ئەوی تریشیان گلێنەی چاوە؟ (عەبدوڵڵا پەشێو، ٢٠١٤: ١٥٩)

(بەندی دڵ و گلێنەی چاو) دوو شوێنی جوان و ناسکن لە جەستەی مرۆڤدا، دەلالەتی (دڵ) شوێنی هەست و سۆزو خۆشەویستییە، دەلالەتی (چاو) شوێنی بینین و فرمێسک ڕشتن و بریسکانەوەیە، بەڵام لێرەدا شاعیر بە واتایەکی تر گوزارشتی لێکردووە، (پەشێو) لە گۆشەنیگای شۆڕشگێڕێکەوە باس لەوە دەکات کە چۆن لە کاتی ئەنفالکردن بەهۆی ئازارو ئەشکەنجەدانێکی زۆر دەستێکی لەدەست داوە، لەگەڵ ئەمەشدا دەیەوێت داکۆکی و پارێزگاری لە کوردستان بکات، بەڵام کامیان بۆیە (دڵ) دەلالەتە لە کەرکوک و (گلێنەی چاو) کوردستانە، واتە شاعیر شوێنەکانی کردوون بە ڕەمزی پاراستن لە جەنگ و ناخۆشی.

لە گۆڕستان بۆ بترسم.
خۆ هیچ نەبێ لەو وڵاتە،
لەو مەڵبەندە کشوماتە،
ماڵۆچکەیەکی خۆم دەبێ
لانەو لانی دنیام لەبیر دەباتەوە،
ماڵۆچکەیەک،
نە مانگانە کرێی دەدەم،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانكۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-كوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

نە کەس داوای کلیلەکەی دەکاتەوە (عەبدوڵلا پەشێو، ٢٠١٩: ٨٢-٨٣)

شاعیر لەم پارچە شیعرەدا (گۆڕستان و ماڵۆچکە)ی هێناوەتەوە، ئەم دوو شوێنە لە ڕووی هەستکردن و ژیانەوە، دژ بەیەکن، ڕەمزی بنچینەیی (گۆڕستان)؛ تاریکی و تەنگ و کۆتایی ژیان و ترس و ژیانی بەرزەخە، (ماڵ)یش؛ دەلالەتی مانەوەو پشودان و خۆشەویستی و ڕووناکی و فراوانییە، بەڵام پەشێو دەلالەتی شوێنەکانی پێچەوانە کردۆتەوە؛ دەلالەتی (گۆڕستان) بۆی دەبێتە شوێنی ڕووناکی و ڕزگاربوون لە چەرمەسەری و ناخۆشییەکانی ژیان لە کرێ و کرێچیاتی و دەرکردن و نەبوونی و هتد، شوێنێکە دەبێتە مولک بێ ئەوەی نرخ بدات، (ماڵ)یش بۆی بووەتە شوێنی دڵتەنگی و خەم پەژارەو تاریکی و خەوزڕاندن و ناخۆشی، هەموو ساتێکی لەو ماڵە کرێیەدا مردنێکە، واتە شاعیر دەلالەتەکانی پێچەوانە کردۆتەوە دەلالەتی (گۆڕستان) شادییەو دەلالەتی (ماڵ)یش دڵتەنگییە، بە کورتی (شاعیر لەسەر خاک و نیشتیمان خۆی کرێچییەو بەسەر بردنی ژیانێکی تاڵە).

## 2. 1. 10 دەلالەتی شوێنی سروشتی لە شیعری شاعیردا:

سروشت ئەو شوێنە دڵگیرو خۆش و جوانەیە مرۆڤ لە دڵەراوکێ و نارەحەتی و ناخۆشییەکانی ژیان ڕزگار دەکات و بەرەو ئاسوودەییان دەبات، بۆیە (( لە ڕێگەی شوێنەوە دەتوانین سایکۆلۆژی جێگیرو ڕێبازی ژیانیان و چۆنیەتی مامەڵەکردنیان لەگەڵ سروشتدا بخوێنینەوە)) (تانیا ئەسعەد محەممەد ساڵح، ٢٠١١: ٢٤) (پەشێو) لەتاو ناخۆشی و ئازارەکانی ژیان بە خەیاڵ و هۆنینەوەی شیعر ڕووی لەشوێنە سروشتییەکان کردووە، بەشێوازێک وێنەی سروشت و شوێنەکەی کێشاوە وەک بڵێی واقیعەو بەمشێوەیەش هەستی پێدەکرێت و دڵ و دەروون ئارام دەکاتەوە، بەڵام هەندێ جار شوێنە سروشتییەکان دەگۆڕێن لە باش بۆ خراپ و لەخراپیش بۆ باش، ئەمەش بۆ ئەو ڕووداوە دەگەڕێتەوە کە لەو شوێنە سروشتییە ڕوویداوە، یان بە دەلالەتێک هێناویەتییەوە کە پێشتر درکی پێنەکرابێت، بۆیە شاعیر شوێنی سروشتی لەشیعرەکانیدا بە دەلالەت و واتای هەمەجۆر هۆنیوەتەوە، بۆ نموونە:

گەر بە دەریا بێ،
چی لەناخ دایە دەیداتە شەپۆڵ.
گەر بە شەپۆڵ بێ،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

چی لەناخ دایە دەیداتە کەنار،
کەچی لە ساڵان، لە مانگان، جارێک
دەنکە گەوهەرێک بە شەپۆڵ دەبڕێ،
ئەویش دەیخاتە کۆشی کەنارێک (عەبدوڵڵا پەشێو، ٢٠١٤: ١١٩)

(دەریا) شوێنی لەخۆگرتنی ئاوەو قوڵی و ڕووبەرێکی فراوانی گەورەی هەیە، ئەمە دەلالەتی سروشتی خۆیەتی، بەڵام ئەو دەلالەتەی کە شاعیر پێ بەخشیوە بریتییە لە بەخشینی بێ بن و بێسنوورە هاوشێوەی دەریا، (پەشێو)ی شاعیر باس لەو دەستە بەخشەرە دەکات هەرچی هەبێت دەیبەخشێت گەر شتێکی کەمیش بێت، بە واتایەکی تر دەلالەت لێی ئەو بیر فراوان و کراوەیەیە، کە هەر شتێک بە بیرو زەینی دادێت لەپێناو وشیارکردنەوەو باشکردنی بارودۆخی کۆمەڵگە گەر تەنیا فکرەو بیرۆکەیەکیش بێت وەک دانەی مرواری دەیخاتە سەر زمان و ئەویش دەخاتە سەر پەڕەو بە بیرۆکەکانی نەخشین و ڕەنگینی دەکات و دەبێت وشەکانی وا بچنێت کە شایستەو شیاوی نەتەوەکەی بێت.

دەنگێک هات لە ئاسمانەوە،
شریخاندی دەنگدانەوە.
هەڵسن لە خەو، گەلۆ، وەرن،
زەوی و سامان هەمووی بەرن.
برا بەش بن، مرۆی ڕەند بن،
لە خێرو بێر بەهرەمەند بن (عەبدوڵڵا پەشێو، ٢٠١٩: ٢٢٣-٢٢٤)

لەم پارچە شیعرە (پەشێو)ی شاعیر شوێنە سروشتییەکانی (ئاسمان و زەوی) هێناوەتەوە، ئاسمان ئەو شوێنەیە مانگ و خۆری تێدا هەڵگیراوەو ئەستێرەشی تێدا دەدروشێتەوە، بەلام لێرەدا (ئاسمان) دەلالەتە لە بوونی هێرش و فڕۆکەی جەنگ بە هۆی هەبوونی دەنگ لە بۆشایی ئاسماندا، واتە بە واتای هەشیاربوونەوەیە لە مەترسییەکانی سەر ڕووی زەوی، لە لایەکی تر شاعیر شوێن تەنیا وەک پارچە (زەوی)یەک نابینێت بەڵکو خۆی و نەتەوەکەی وەک بەشێکی دانەبڕاو دەبینێت، بۆیە لەپێناو

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانكۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-كوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پاراستنی زەوی و نەتەوەی هەرچی لە خێرو بەرەکەتی سەر زەوی هەیە پێویستە وەک خۆیان بیپارێزن.

## تەوەری دووەم: دەلالەتی شوێنەکانی دەرەوەی کوردستان لە دەقە شیعرییەکانی (عەبدوڵڵا پەشێو)دا:

شاعیر لە شیعرەکانیدا باس لە چەند شوێنێکی دەرەوەی کوردستان دەکات، ئەمەش ئاماژەیە لەسەر ژیانکردنی شاعیر لە دەرەوەی کوردستان، (پەشێو)ی شاعیر لەپێناو تەواوکردنی قۆناغەکانی خوێندن و ئەنجامدانی چالاکییەکانی ڕووی لە وڵاتە جیا جیاکانی دنیا کرد، بەڵام بە هۆی ناتەواوی دۆخ و گوزەرانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات ماوەتەوەو تەنانەت تا ئێستاشی لەگەڵ بێت نەگەڕاوەتەوە بۆ زێدی خۆی کە کوردستانە، بۆیە کاریگەرییەکی زۆری کردۆتە سەر شاعیرو لە شیعرەکانیدا بە واتاو دەلالەتی جۆراوجۆری بەکارهێناوە، بۆ نموونە:

ئەی مۆسکۆی جوان،
ئەی مەڵبەندی
گوڵ و بەفرو هەمیشە ژوان،
لە ئامێزی نەرمی تۆدا،
بۆ یەکەم جار، بە ئاشکرا،
بەسەرهاتی ئاڵایەکم گێڕایەوە،
کە هەڵنەکرا (عەبدوڵڵا پەشێو، ٢٠١٤: ٤٧٠)

(مۆسکۆ) کە پایتەختی وڵاتی ڕووسیایە، ئەو شوێنەیە کە شاعیر تیایدا بەمەبەستی خوێندن ڕووی تێکردووەو ژیانی تیادا گوزەراندوە، دەلالەت لەو شوێنە ئەوەیە گەرچی مۆسکۆ زێدی باوباپیرانی نەبووە بەڵام بووەتە هۆی ئەوەی کە بۆ یەکەمجار لەژیانی شاعیر خۆیدا بتوانێت بە سەربەستی و ئاشکرا لە شیعرەکانیدا گوزارشت لە وڵاتەکەی خۆی بکات، هەروەها باس لە جوانی مۆسکۆ دەکات کە ئەمەش دەلالەتێکی تری خستۆتە پاڵ بەوەی کە کوردستانەکەی گەرچی جوانییەکی بێ وێنەی هەیە بەڵام بە هۆی سەرکوتکردن و ژێردەستەیی نەیتوانیوە ئازادانە گوزارشت لە بیرو باوەڕی خۆی بکات.

گوتم: ئۆخەی

خۆ لۆتییەکەی بەغدای ڕاو نا

خڕکە بەردو خوترە داری هەژاری کورد (عەبدوڵڵا پەشێو، ٢٠١٤: ٤٧٥)

شاعیر بەم پارچە شیعرەی دەمانگەڕێنێتەوە بۆ سەرەتای ساڵانی نەوەدەکان و ڕاپەڕینە مەزنەکەی خەڵکی ستەمدیدەی کوردستان و تامەزرۆی ئاشتی و ئازادی، کە بە دارو بەردو دەست و بازویان دارودەستەی بەعسیان ڕاونا کە مۆڵگەیان لە (بەغدا) بوو.

کە پایتەختی وڵاتی عیراقەو لەم شوێنە بڕیاری لەناوبردنی یاخود جینۆسایدکردنی میللەتی کورد درا لەم شیعرەدا شاعیر (بەغدا)ی هێناوەتەوە، ئەو شوێنە ئاماژەیە بۆ هەبوونی ئەو دەسەڵاتە خوێنڕێژەی کە چەندەها ساڵ دەستی بە خوێنی ڕۆڵەی کورد سوورە، ئەویش دەسەڵاتی حکومەتی بەعسە کە بە بیانو و مەبەستی جیا جیا پەلاماری کوردستانی دەدا، لێرەدا دەلالەتە لەوەی گەرچی کورد لە ڕووی چەک و تەقەمەنییەوە هەژارە بەڵام بەئیرادەو توانایەکی پۆڵایینەوە بەو بەردو دارەی دەستیانەوە توانی دەسەڵاتی فاشیزم لە کوردستان ڕپێچ بکات و ڕایانماڵێت و کوردستان بە ئارامییەوە هەناسە بداتەوە.

چاو لە بەغدا،

قوون لە تاران،

گوێچکە لە شام،

لە ئەنقەرەش قەمتەر کران کەوماری کورد (عەبدوڵڵا پەشێو، ٢٠١٤: ٤٧٨)

(بەغدا، تاران، شام، ئەنقەرە) ئەم چوار شوێنە کە پایتەختەکانی ئەو وڵاتانەیە کە نەتەوەی کوردیان بەسەردا دابەشکراوە، هەموو هەوڵ و تەقەڵاکانی دەدرێن لە پێناو بەدیهێنانی ئاوات و ئامانجەکانی نەتەوەکەمان؛ بە فیڕۆ دەڕوات.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## ئەنجام:

لە کۆتایی  ئەم توێژینەیەدا بە چەند ئەنجامێک گەیشتین:

- شوێن و شاعیر پەیوەندییەکی بەهێزیان لەنێواندا هەیە، بۆیە شوێن بە ڕێگەیەک دادەنرێت لە دەربڕینی هەست و نەستی خەیاڵی شاعیر، هەر لەبەر ئەمەیە شوێن بە یەکێک لە گرنگترین پێکهاتە بنەڕەتییەکانی نێو شیعر دادەنرێت.
- شوێن لە شیعرەکانی شاعیردا تەنیا ناساندن و باکگراوندێک یان گۆڕەپانێک نەبووە بۆ خستنەڕووی ڕووداوەکان، بەڵکو ڕۆڵێکی کاریگەری هەبووە لەگەیاندنی ئەو دەلالەتەی کە (پەشێو)ی شاعیر مەبەستی بووە، واتە شوێنەکان لەخۆوە نەهاتوون، بەڵکو بەمەبەست و گەیاندنی واتاو پەیامی هەمەچەشن هاتوون.
- شوێنەکانی (دەروونی، سیاسی، نیشتیمانی، ئایینی، کۆمەڵایەتی، مێژوویی، شارستانی، ڕۆشنبیریی، ڕەمزیی، سروشتی) بە کۆمەڵێ دەلالەتی جیاجیای بەهێزو کاریگەر؛ شیعری شاعیریان پێکهێناوە، واتە شوێن مەودایەکی فراوان و گرنگی لە شیعری (عەبدوڵڵا پەشێو)دا داگیر کردووە.
- لەشیعرەکانی (پەشێو)دا؛ شوێنەکانی (دەروونی، سیاسی، نیشتیمانی) بە ڕێژەیەکی بەرچاو دەبینرێت.
- شوێنەکانی کوردستان بەشێوەیەکی بەرفراوان لەنێو شیعرەکانی شاعیردا دەبینرێت.
- شوێنە دەروونییەکانی شاعیر دەلالەتن لەسەر دڵتەنگییەکی لەڕادەبەدەر لەدڵ و ژیانیدا، ئەمەش بەهۆی ناهەمواری بارودۆخی کوردستان و دووری لەزێدی باوباپیرانیەوەیە.
- (زیندان و بەندیخانە) لە پێکهاتەی شوێنە سیاسییەکانیەتی، دەلالەتن لەسەر خستنە ناو ژیانێکی تاریک و دۆزەخ ئاسا.
- دەلالەتی شوێنە نیشتیمانییەکان لای شاعیر؛ حەسرەتخواستنە بۆ فەراهەم بوونی ژیانێکی ئارام و خۆش و هەڵمژینی ئاو و هەواو بۆنکردنی خۆڵ و خاک و بینینی ئاسمان و جوانی کوردستانە، (پەشێو) ئاواتەخوازی ژیانێکی خۆش بۆ کۆمەڵگە خێرلەخۆنەدیوەکەی دەخوازێت.
- لە شوێنە ئاینییەکاندا (پەشێو)ی شاعیر لە چەندین جێگە لەنێو شیعرەکانیدا (مزگەوت و کلێسە)ی بەیەکەوە هێناوەتەوە، ئەمەش دەلالەتە لەسەر جیاوازی نەکردن لەنێوان ئایین و پێکهاتەکان، واتە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

یەکرێزی و یەکدەنگ بوون و یەک هەڵوێست لەنێوانیاندا هەرچەندە بیرکردنەوەیان جیا بێت، بەڵام لەپێناو بەرژەوەندی گشتی دەبن بەیەک، چونکە هێزو پتەوی لەمەوە سەرچاوە دەگرێت.

- شوێن لای شاعیر وەک شانۆیەک وایە بۆخستنەڕووی ڕووداوە مێژووییەکان و دەرخستنی ڕۆڵی کەسایەتییە ناودارەکانی کورد.

- لە دەلالەتی شوێنە شارستانییەکان گرنگی و پێگەو بەهای قەڵاو شوێنەوارە دێرینەکانی خستۆتەڕوو؛ بەتایبەت (قەڵای هەولێر، منارەی چۆلی، ئەشکەوتی شانەدەر، ..)، ناساندنی ئەو شوێنە گرنگانەی کوردستان بە نەتەوەکانی بێگانە کە وا کوردستان یەکێکە لە خاکە هەرە دەوڵەمەندەکانی دنیا بۆیە پێویستە قەدری ئەو گەنجینە بگیرێت.

- شاعیر بەشێوەیەکی زۆر جوان و سەرنجڕاکێش شوێنە سروشتییەکانی وەک تابلۆیەک لەچەشنی واقیع لەنێو شیعرەکانیدا کێشاوەو دەلالەتی بەپێزو بەهێزی پێبەخشیون.

- شوێنەکانی دەرەوەی کوردستان لەوانە (بەغدا، شام، تاران، ئەنقەرە، مۆسکۆ، ڕۆما، هندستان، ..) شیعرەکانی شاعیریان پێکهێناوەو دەلالەتی بەهێزی خستوونەتە پاڵ ، لەهەمان کاتیشدا بە کوردستان بەراوردی کردوون و جوانی و دڵگیرییەکەی بەو شوێنانە پێوانە ناکات، بەڵام گواستنەوەی لەو فەزایەوە بۆ فەزایەکی تر بۆ ئەوەیە تا ئازادانە گوزارشت لە بیروڕاو هەست و نەستی بکات.

## سەرچاوەکان:

### ١. سەرچاوە کوردییەکان:

1. تانیا ئەسعەد محەممەد ساڵح (٢٠١١) بینای شوێن لە دوو نموونەی ڕۆمانی کوردیدا، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشە سەردەم، سلێمانی.
2. عەبدوڵڵا پەشێو (٢٠١٤) پشت لە نەواو ڕوو لە کرێوە (شیعری ١٩٦٥-١٩٧٩)، چاپی چوارەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، کوردستان.
3. عەبدوڵڵا پەشێو (٢٠١٤) هەسپم هەورەو ڕکێفم چیا (شیعری ١٩٨٠-٢٠٠٥)، چاپی چوارەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، کوردستان.
4. عەبدوڵڵا پەشێو (٢٠١٩) سەوڵم پۆڵاو کەناریش دوور (شیعری ٢٠٠٦-٢٠١٩)، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، کوردستان.

گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

5. عەبدوڵا سلێمان مەشخەڵ (2013) ئاماژەکانی چەمکی شوێن لەیادەوەری شیعریی سەلام محەمەدی شاعیردا، http://dengekan.ca/archives/26614 .
6. لیژنەی ئەدەب لە کۆڕی زانیاری کوردستان (٢٠٠٦) زاراوەی ئەدەبی (کوردی-عەرەبی-ئینگلیزی)، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
7. نەجات حەمید ئەحمەد (؟) شوێن و مانەوە، گۆڤاری نەوشەفەق، ژمارە (٥٢).

**٢. سەرچاوە عەرەبییەکان:**

1. إبراهيم وآخرون أنيس (1972) المعجم الوسيط، الطبعة الثالثة، مجمع اللغة العربية، القاهرة.
2. إبراهيم جنداري (٢٠٠١) الفضاء الروائي عند جبرا إبراهيم جبرا، الطبعة الأولى، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد.
3. ابن رشد (١٩٨٢) نصوص ودراسات فلسفية، فصل المقال، الشركة الوطنية للنشروالتوزيع، الجزائر.
4. أبو بكر ابن دريد بن محمد بن الحسن الأزدي البصري (1345هـ) جمهرة اللغة، مجلد (3)، دار صادر عن مجلس دائرة المعرف العثمانية، بيروت.
5. أبو القاسم الحسين بن محمد بن المفضل الراغب الأصفهاني (1972) عجم مفردات الفاظ القران، مطبعة التقدم العربي-دار الكتب العربي.
6. أبو عبدالرحمن الخليل بن أحمد الفراهيدي (1982) العين، مجلد (5)، دار الرشيد للنشر، بغداد.
7. باديس فوغالي (2008) الزمان والمكان في الشعر الجاهلي، الطبعة الأولى، عالم الكتب الحديثة للنشر والتوزيع، الأردن.
8. بدر نايف الرشيدي (2012) صورة المكان الفنية في شعر احمد السقاف، رسالة ماجستير، كلية الأداب والعلوم، جامعة الشرق الأوسط.
9. جميل صلبيا (1979) المعجم الفلسفى، دار الكتب اللبناني، بيروت.
10. حسن محمد الربابعة (1999) المكان ظاهرة في ديوان (أغنيات للوطن) للشاعر قاسم أبو عين، المركز القومي للنشر، الأردن.
11. حسن مجيد العبيدي (١٩٨٧) نظرية المكان في فلسفة ابن سينا، الطبعة الأولى، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد.
12. الحسين بن علي ابن سينا (1954) الشفاء (الطبيعيات)، وزارة المعارف العمومية، القاهرة-مصر.
13. حميد الحمداني (1991) بنية نص السردي، لبطبعة الأولى، المركز الثقافي العربي، بيروت
14. حنان موسي حمودة (2006) الزمكانية و بنية الشعر المعاصر، الطبعة الأولى، عالم الكتب الحديث. الأردن.
15. عبدالرحمن بدوي (197٥) مدخل جديد إلى الفلسفة ، وكالة المطبوعات، الكويت.
16. عبدالرحمن بدوي (1984) موسوعة الفلسفة، مجلد (2)، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت-لبنان.
17. علي بن محمد الجرجاني ( 1985) كتاب التعريفات، مكتبة لبنان-بيروت.

18. غيداء أحمد شلاش سعدون (٢٠١١) المكان والمصطلحات المقاربه له -دراسه مفهوماتيه، مجله أبحاث التربيه الأساسيه، المجلد (11)، العدد (2).
19. فاروق أحمد سليم (١٩٩٨) الأنتماء في الشعر الجاهلي، دراسة من منشورات إتحاد الكتاب العرب، دمشق، سوريا.
20. مرتضى حسين على حسن (2016) جماليات المكان في الشعر العراقي الحديث (سعدي يوسف أنموذجا)، جامعة فيلادلفيا.
21. محمد عبدالحكيم الفقي (؟) المكان في شعر عزالدين ميهوبي، مجلة كلية الدراسات الإسلامية والعربية للبنات
22. بالزقازيق، العدد (10)، مصر.
23. نجم الدين كمال (1978) المكان في النص الشعري، دار الكتب العلمية، بيروت.
24. ياسين النصير (1986) الرواية والمكان، دار الشؤن الثقافة العامة، بغداد.
25. يوري لوتمان (1986) مشكلة المكان الفني، ترجمة سيزا قاسم، مجلة ألف، العدد (٦)، القاهرة.

.......................................................................................................................

## The Evidence of Place in the Poetic Texts of (Abdullah Pashew)

**Dr. Zhwan Abdul-Salam Azeez Gardi**
Department of Kurdish Language, Shaqlawa College of Education, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
zhwan.azeez@su.edu.krd

***Keywords***: *place, evidence, poetic text, poet, philosophy*

## Abstract

This research, entitled ((**The Evidence of Place in the Poetic Texts of (Abdullah Pashew**)), is an attempt to analyze the evidence of having different places and locations in the poets' poetic texts. Place is an essential element in the construction of (Abdullah Pashew's) poetry, because there is a deep, strong and interesting meaning embedded in place. Thus, place is not only geometric space, but also roles to produce evidence and a specific meaning. Pashew looks for those places that have strong evidence, fit his purpose(s) and can hit his target. The importance of this research is that place is a constituting component in the poetic text construction and

گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(١٠) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٥

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

becomes the poet's message bearer and conveyance. The study adopts (Analytic Description) approach and consists of two sections: the first section theoretically discusses the concept of place, role and importance in poem construction and divided into two sub-sections: in the first sub-section, the concept of place has been discussed in terms of (language, terminology, philosophy, physics and literature). The second sub-section is about the connectedness of place to poetry concerning its importance in the production of the poem and its relation(s) to the language of the poem. While the second section practically deals with the evidence of place in (Abdullah Pashew's) poetic texts, including: (psychological, political, national, religious, social, historical, civilizational, cultural, symbolic and natural) aspects. The study ends up with some conclusions and a reference list.

## دلالة المكان في نصوص عبدالله پەشيو الشعرية

**الملخص:**

إن هذا البحث الموسوم ب (دلالة المكان في نصوص عبدالله پەشيو الشعرية ) يعد محاولة جادة لعرض دلالات الأمكنة المختلفة في شعر الشاعر فالمكان ليس شكلاً هندسياً فحسب، بل هو عنصر فعال في بنية النص الأدبي يعمل على إنتاج دلالات خاصة وتكوينها. لذلك نرى الشاعر مدركا للأبعاد الدلالية التي يضيفها المكان على النص الشعري وقيمه التعبيرية فيبحث عن الأماكن التي من شأنها ان تحمل دلالات موحية تعبر وبقوة عن مقاصده. وقد استندنا في بحثنا هذا على المنهج الوصفي التحليلي، و قسمناه على محورين رئيسين، يضم المحور الأول محورين فرعيين يتناول أولهما نظريا مفهوم المكان وأهميته وأثره الفعال في البناء الشعري، ومفهوم المكان من حيث اللغة والاصطلاح والفلسفة والفيزياء والأدب، أما ثانيهما فيتناول العلاقة بين المكان والشعر من حيث أهمية المكان في الإنتاج الشعري والعلاقة بين كل من المكان واللغة الشعرية. وفي المحور الثاني ألقينا الضوء على الدلالات المرتبطة بالمكان في نصوص عبد الله باشو الشعرية بشكل إجرائي تطبيقي من خلال رصد القيم الدلالية للمكان: (النفسية، و السياسية، الوطنية، الدينية، والاجتماعية، التاريخية، المدنية، والثقافية، والرمزية، والطبيعية)، وختمنا البحث بخاتمة موجزة فيها أهم الاستنتاجات ومسرد بأسماء مصادره ومراجعه .